دابینکردنی مافە نەتەوایەتییەکانی گەلی کورد لە چوارچێوەی ئێرانێکی دێموکراتیکی فێدراڵدا

# کوردستان

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بڵاوی دەکاتەوە

ژمارە ٧٢٠، سێشەممە ١٥ی ڕەشەمەی ١٣٩٦ی هەتاوی، ٦ی مارسی ٢٠١٨

www.kurdistanmedia.com


- ناوەندی سیاسیی حیزبی دێموکرات ڕاگەیەندراوێکی بڵاو کردووە ٢
- «باوکی ڕاسان» بووە یەکەم شەهیدی دەستی تیرۆر لە قۆناخی ڕاساندا ٣
- پەیامی ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران بە بۆنەی ٨ مارس ٣


دەقی وتەکانی مستەفا هیجری، لێپرسراوی گشتیی... ٤


دەقی قسەکانی ماموٚستا مەلا حەسەن شیوەسەڵی لە کۆنگرەی ١٦ ٦


ڕاپۆرتی کاروباری کۆنگرەی ١٦ی حیزبی دێموکرات ٧


کۆنگرەی ڕچەشکێنی ١٦هەمی حیزبی دێموکرات ٨


# پیرۆز بێ سەرکەوتنی نوێی حیزبی دێموکرات




١٦مین کۆنگرەی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران دوای چەند ڕۆژ کاری بەردەوام، کاتژمێر ٢٣:٠٠ی شەوی هەینی، ڕێکەوتی ٤ی ڕەشەمەی ١٣٩٦ی هەتاوی، بە سەرکەوتوویی کۆتایی بە کارەکانی خۆی هێنا.

کۆنگرەی ١٦ی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران پاش نیوەڕۆی ڕۆژی سێشەممە ڕێکەوتی ١ی ڕەشەمەی ١٣٩٦ی هەتاوی لەژێر ناوی "ڕاسانی ڕۆژهەڵات" دەستی بە کارەکانی کرد و دوای چەند ڕۆژ کاری بەردەوامی ئەندامانی کۆنگرەی ١٦، شەوی هەینی کاتژمێر ٢٣:٠٠ کۆتایی بە کارەکانی هێنا.

لەو کۆنگرەیەدا کۆمەڵێک بڕیاری گرینگ سەبارەت بە پێکهاتەی گشتیی حیزب و شێوازی خەبات لە داهاتوو، سەرباری زاڵبوونی کەشێکی تەواو ئەمنیەتی بەڵام لەوپەڕی هێمنی و بە پارێزراوی، پەسند کرا.

لەم کۆنگرەیەدا بەنیشانەی ئەمەگناسی و ڕێز، سێ کورسی بۆ هاوڕێیانی شەهید "چەکۆ ڕەحیمی"، "کاوە جەوانمەرد" و "هێمن مەولاننژاد" کە ئەندام و نوێنەری کۆنگرە بوون، بەڵام بەداخەوە لە ماوەی ڕابردوودا شەهید بوون و نەیانتوانی بەشداری ئەم کۆنگرەیە بن دانران.

بەپێی ڕاگەیەندراوی ناوەندیی سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران سەبارەت بە بەڕێوەچوون و کۆتایی هاتنی سەرکەوتووانەی شانزدەهەمین کۆنگرەی حیزبی دێموکرات، کۆنگرە بە سروودی نەتەوایەتی "ئەی ڕەقیب" و ڕاگرتنی چەند ساتێک بێدەنگی دەستی بە کارەکانی کرد؛ پاشان هاوڕێی بەڕێز "حەسەن شەرەفی" بەرپرسی کۆمیتەی ئامادەکاری کۆنگرەی١٦ڕاپۆرتی کارەکانی ئەو کۆمیتەی پێشکەشی ئەندامانی کۆنگرە کرد، کە دوای پەسندکرانی ڕاپۆرتەکە دەنگی بۆ مەشرووعییەت و ڕەوایی کۆنگرە وەرگرت کە نوێنەرانی بەشدار لە کۆنگرە بە تێکڕای دەنگ مەشرووعییەتی کۆنگرەیان پەسند کرد و کۆنگرە بە فەرمی چووە بواری بەڕێوەبردنی ئەو بەرنامانەی کە لە دەستووری کاری کۆنگرەدا دەست نیشان کرا بوون.

دواتر بەڕێز "ماموٚستا حەسەن شیوەسەڵی" وتاری کردنەوەی کۆنگرەی خوێندەوە؛ پاشان ڕاپۆرتی سیاسی کۆمیتەی ناوەندی لە لایەن بەڕێز "مستەفا هیجری" سکرتێری گشتیی حیزبەوە پێشکەشی کۆنگرە کرا و دوای ئاڵوگۆڕی بیروڕا لەلایەن کۆنگرەوە بە زۆرینەی دەنگ پەسند کرا.

لە ڕاگەیەندراوی ناوەندیی سیاسیی حیزبی دێموکرات، سەبارەت بە بەڕێوەچوونی شانزدەهەمین کۆنگرەی حیزب هاتووە: بڕگەیەکی کاری کۆنگرە باس لەسەر گەڵاڵەی پێکهاتەی حیزب بوو، گەڵاڵەیەک کە لەسەر بنەمای دابەشکردنی دەسەڵات و گرینگیدان بە بایەخە تەشکیلاتییە نێوخۆییەکان ئاڵوگۆڕێکی بنەڕەتی لە پێکهاتەی حیزبدا پێک دێنێ، هەر بۆیە بارتەقای گرینگییەکەی بۆ ماوەی زیاتر لە ساڵێک لە لایەن ئەندامانی حیزبەوە کەوتبووە بەرباس و ڕادەربڕین و سەرئەنجام ئەو گەڵاڵەیە کە سەرەتا لە لایەن سکرتێری گشتیی حیزب و چەند هاوڕێیەکەوە ئامادە کرا بوو پاش پێداچوونەوە و لەبەرچاوگرتنی تێبینییەکان لە پلینۆمەکانی دوایی حیزبدا لە لایەن کۆمیتەی ناوەندییەوە کۆ دەنگی لەسەر پێکهات و وەک گەڵاڵەی کۆمیتەی ناوەندی بۆ پێکهاتەی حیزب پێشکەشی کۆنگرەی ١٦ی حیزب کرا.

ئەو گەڵاڵەیە لە لایەن بەشدارانی کۆنگرەوە بە تێروتەسەلی باسی لەسەر کرا و ئاڵوگۆڕی بیروڕای بۆ کرا و پاش لەبەرچاوگرتنی ڕای زۆربەی بەشدارانی کۆنگرە وەک گەڵاڵەی ئاڵوگۆڕ لە پێکهاتەی حیزبدا بە زۆرینەی بەرچاوی دەنگی نوێنەرانی کۆنگرە پەسند کرا.

پاشان کۆنگرە پێداچوونەوەی بەسەر بەرنامە و پێڕەوی نێوخۆی حیزبدا کرد کە هەیئەتی بەرنامەو پێڕەو بە سەرپەرستیی "کەریم پەرویزی" بە سەرنجدان بە نێوەڕۆکی گەڵاڵەی پێکهاتەی حیزب ئامادەی کردبوو و پێشکەشی کۆنگرەی کرد و ئەندامانی بەشدار بە وردی ڕاوبۆچوونی خۆیان خستە بەردەم کۆنگرە و لەکۆتاییشدا بە لەبەرچاوگرتنی تێبینییەکانی بەشداران، بەرنامە و پێڕەوی نێوخۆی حیزبیش لە لایەن نوێنەرانی بەشدار لە کۆنگرەوە پەسند کرا.

دوابەدوای ئەم بڕگانە هەڵبژاردن بۆ لێپرسراوی گشتیی حیزب و ئەندامانی ناوەندی سیاسیی حیزب ئەنجام درا کە لە ئەنجامدا بەڕێز "مستەفا هیجری" وەک لێپرسراوی گشتیی حیزب هەڵبژێردرا و ١٢ کەسی دیکەش لە ئەندامانی کۆنگرە دەنگی متمانەیان بۆ چالاکی لە ناوەندیی سیاسیی حیزب وەرگرت.

بەمجۆرە کۆنگرەی شانزدەهەمی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران کاتژمێر ٢٣:٠٠ی شەوی هەینی، ڕێکەوتی ٤ی ڕەشەمەی ١٣٩٦ی هەتاوی سەرکەوتووانە کۆتایی بە کارەکانی خۆی هێنا و ڕۆژی دواتر جێژنی کۆتایی هاتنی سەرکەوتووانەی کۆنگرەی ١٦ بە بەشداریی ئەندامانی تازە هەڵبژێردراوی کۆنگرەی ١٦ بۆ ناوەندیی سیاسی، کادر، پێشمەرگە، بنەماڵەکانی حیزبی دێموکرات و میوانان بەڕێوەچوو کە تێیدا بەڕێز "مستەفا هیجری" لێپرسراویی گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، هەڵبژێردراوی کۆنگرەی ١٦ چەند وتەیەکی پێشکەش کرد.

لە بڕگەیەکی دیکەی ئەو جێژنەدا، لەلایەن کۆنگرەی ١٦ی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بۆ ڕێزگرتن لە خەبات و تێکۆشانی ژنە تێکۆشەری گەل، خاتوو "کلسووم ئیبراهیمی" هاوسەری شەهیدی زیندوو ماموٚستا "مەلا حەسەن شیوەسەڵی" لەوحێکی ڕێزلێنانی پێشکەش بە ناوبراو کرد؛ هەروەها شەهیدی زیندووی گەلەکەمان ماموٚستا مەلا حەسەن شیوەسەڵی کە لە لایەن کۆنگرەوە بە زۆرینەی دەنگ، وەک ئەندامی ئیفتخاریی ناوەندی سیاسیی حیزبی دێموکرات هەڵبژێردراوە، چەند وتەیەکی پێشکەش کرد.

لە نێوئاخنی ئەم ڕێوڕەسمەدا چەندین سروود و گۆرانی پێشکەش بە بەشداربووان کرا و لە کۆتاییشدا ڕێوڕەسمەکە بە شایی و گۆڤەندی بەشداران ڕازێندرایەوە.

**خوێنەرانی خۆشەویستی "کوردستان" ئاگادار دەکەینەوە کە دەقی وتەکانی بەڕێز مستەفا هیجری، لێپرسراوی گشتیی حیزب و بەڕێز ماموٚستا مەلاحەسەن شیوەسەڵی لە جێژنی کۆتایی هاتنی سەرکەوتووانەی کۆنگرە، لەم ژمارەی کوردستاندا دەخرێتە بەرچاوی ئێوەی بەڕێز.**

## پەیڤ

### کۆنگرەی ڕاسانی ڕۆژهەڵات

کەریم پەرویزی

دوای نزیک بە یەک ساڵ تێپەڕین بە سەر کاتی ئاسایی خۆیدا، کۆنگرەی شازدەیەمی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە ڕۆژی یەکی ڕەشەمەی ١٣٩٦ی هەتاوی دەستی بە کارەکانی کرد و دوای چوار ڕۆژ، کاری بەردەوام و چڕ و پڕ و بە شەو و بە ڕۆژ درێژەکێشانی کۆبوونەوەکان، لە ٤ی ڕەشەمەدا کۆنگرەی ڕاسانی ڕۆژهەڵات هەموو ئەو بەرنامانەی بۆ کاری خۆی دانابوو بە سەرکەوتوویی و بە ڕێکوپێکی بە ئەنجامی گەیاندن.

دۆخی زەمانیی کۆنگرەی ڕاسانی ڕۆژهەڵات، بەتایبەت نەمانی بەڵای داعش و هاتنی بەڵای حەشدی شەعبی و دوای ڕووداوەکانی کەرکووک و هێرشی تورکیە بۆ عەفرین و بانگهێشت کردنەوەی ئەسەد بۆ عەفرین و چەندین ڕووداوی گرنگی دیکە، هەرکام بەجیا هەڵگری شیکاری و لێکدانەوەی جیاوازە و هەوڵ دەدەین لە داهاتوودا بچینە سەر ئەو باسانە.

لەباری نێوەڕۆکی کارەکانی کۆنگرەشەوە، یەکەم کۆنگرەی دوای دەسپێکی قۆناخی نوێی خەبات واتە ڕاسانی ڕۆژهەڵات بوو و بەرنامەکانی کۆنگرە لەوبارەوە و هەروەها هەنگاوەکانی حیزبی دێموکرات بۆ هاوکاریی نێو هێزە کوردستانییەکان، و پرس وبابەتە پێوەندیدارەکان بە ڕێکخستن و ئۆرگانیزاسیۆن و خۆتەیارکردنەوەی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، هەموویان گرنگیی تایبەت و جێگای تایبەتیان هەیە بۆ شیکردنەوەی زیاتر کە دەبێ لە دەرەتانی دیکەدا هەموویان باس بکرێن؛ بەڵام ئەوەی وەک ئەمەگدارییەک بەرامبەر بە هەموو ئەو کەسانەی ڕەنجیان بۆ پێکهاتنی کۆنگرە کێشا و هەموو ئەوانەی بە دڵەخورپەوە چاوەڕێی کۆنگرە و ئاکامەکانی بوون پێویستە لە چەند خاڵی کورتدا لێرە ئاماژەیان پێ بکەین:

یەکەم- سەرکەوتنی کۆنگرە لەباری بەڕێوەبردنی کارەکانی لە دۆخی ئەمنیەتیی تایبەتدا بوو. ڕەنگە زۆر وردەکاری و زانیاری لە دەرەتانێکی وەها کورتدا باس نەکرێن، بەڵام ئاماژەیەکی خێرا بەوە پێویستە کە لە دۆخی نالەباری ئەمنیەتیی دوای داگیرکردنی کەرکووک لە لایەن حەشدی شەعبیی سەر بە سپای پاسداران و پەرەگرتنی دەستێوەردانی گێرەشێوێنانەی سپای پاسداران لە عێراق بەگشتی و کوردستانی باشوور بەتایبەتی، وێنەیەکی گشتیی هەڕەشە ومەترسییە تیرۆریستییەکانی کۆماری ئیسلامی بۆ سەر خەباتکارانی کوردمان بۆ دەربخا.

بەتایبەت لە کۆبوونەوە و ڕووداوێکی

درێژە لە لاپەڕەی ٣

# ناوه‌ندی سیاسیی حیزبی دێموكرات ڕاگه‌یه‌ندراوێكی بڵاو كرده‌وه

یه‌كه‌مین كۆبوونه‌وه‌ی ناوه‌ندیی سیاسی حیزبی دێموكراتی كوردستانی ئێران به‌ڕێوه چوو، ڕاگه‌یه‌ندراوێك له‌م پێوه‌ندییه‌دا بڵاو كرایه‌وه كه ده‌قی ڕاگه‌یه‌ندراوه‌كه به‌م چه‌شنه‌یه:

ناوه‌ندی سیاسی حیزبی دێموكراتی كوردستانی ئێران هه‌ڵبژێردراوی كۆنگره‌ی ١٦هه‌می حیزب پێشنیوه‌ڕۆی ڕۆژی دووشه‌ممه ڕێكه‌وتی ٧ی ڕه‌شه‌مه‌ی ١٣٩٦ی هه‌تاوی به‌رامبه‌ر به ٢٦ی فێورییه‌ی ٢٠١٨ی زایینی یه‌كه‌م كۆبوونه‌وه‌ی خۆی به به‌شداری لێپرسراوی گشتی حیزب، هاوڕێی به‌ڕێز كاك مسته‌فا هیجری و ئه‌ندامانی ناوه‌ندی سیاسی پێكهێنا.

له‌م كۆبوونه‌وه‌یه‌دا ئه‌رك و ده‌سه‌ڵاته‌كانی ئه‌م ناوه‌نده كه به په‌سندی كۆنگره‌ی ١٦ی حیزب گه‌یشتوون به به‌رچاوڕوونی زیاتره‌وه باسیان له‌سه‌ر كرا و وردبوونه‌وه‌ی پتریان بۆ كرا؛ له به‌شێكی دیكه‌ی كۆبوونه‌وه‌كه‌دا له‌سه‌ر شێوه‌ی كاری ناوه‌ندی سیاسی ئاڵوگۆڕی بیروڕا كرا.

له دوابڕگه‌ی كاری كۆبوونه‌وه‌ی ناوه‌ندیی سیاسیدا له سه‌ر پێشنیاری لێپرسراوی گشتی و پاش ده‌نگدانی به‌شدارانی كۆبوونه‌وه‌كه هاوڕێی به‌ڕێز كاك حه‌سه‌ن شه‌ره‌فی به تێكڕای ده‌نگی به‌شداربووان به به‌رپرسی ناوه‌ندی سیاسی و له هه‌مانكاتدا وه‌ك جێگری لێپرسراوی گشتیی حیزبی دێموكراتی كوردستانی ئێران هه‌ڵبژێردرا.

**حیزبی دێموكراتی كوردستانی ئێران**
**ناوه‌ندیی سیاسی**
**٧ی ڕه‌شه‌مه‌ی ١٣٩٦ی هه‌تاوی**

# پشتیوانیی ناوه‌ندی هاوكاری له مانگرتنی شاره‌كانی كوردستان



ناوه‌ندیی هاوكاریی حیزبه‌كانی كوردستانی ئێران له دووتوێی ڕاگه‌یه‌ندراوێكدا پشتیوانی خۆی له مانگرتنی شاره‌كانی كوردستانی ئێران ده‌ربڕی.

ده‌قی ڕاگه‌یه‌ندراوه‌كه‌یان به‌م چه‌شنه‌یه:

ڕۆژی شه‌ممه ٥ی ڕه‌شه‌مه‌ی ١٣٩٦ی هه‌تاوی كاسبكاران و بازاڕییانی شاره‌كانی بانه و پیرانشار له ناڕه‌زایه‌تی به داخستنی سنووره‌كانی ئه‌م شارانه دوكان و بازاڕیان داخست.

ئاشكرایه له ئێستادا به هه‌زاران كه‌س له خه‌ڵكی ئه‌و شارانه له ئه‌نجامی سیاسه‌تی دواكه‌وتوو ڕاگرتنی بواری ئابووری كوردستان له لایه‌ن ڕێژیمی كۆماری ئیسلامییه‌وه، بژێوی ژیانیان له‌و سنوورانه‌وه دابین ده‌كه‌ن.

داخستنی سنووره‌كان له لایه‌ن كۆماری ئیسلامییه‌وه به هه‌ر بیانوویه‌كه‌وه كاریگه‌ری خراپی له سه‌ر ژیان و گوزه‌رانی ئه‌و هه‌زاران كه‌سه و بنه‌ماڵه‌كانیان بووه.

خه‌ڵكی شاره‌كانی بانه و پیرانشار بۆ ماوه‌ی ٤ ڕۆژ له ناڕه‌زایه‌تی به‌و بێ مافییه‌ی خه‌ڵكی كوردستان دووكان و بازاڕه‌كانیان داخست و ئه م دواییانه ش خه‌ڵكی شاری مه‌ریوان بۆ هاوپشتی له‌گه‌ڵ خه‌ڵكی شاره‌كانی بانه و پیرانشار دووكان و بازاڕه‌كانی داخست. پشتیوانی خه‌ڵكی شاری مه‌ریوان له داخوازی و مانگرتنه‌كه‌ی خه‌ڵكی شاره‌كانی بانه و پیرانشار ده‌رخه‌ری هاوچاره‌نووسی خه‌ڵكی كوردستان و له هه‌مان كاتیشدا نیشانه‌یه‌كه له پێگه‌یشتوویی له خه‌باتی مه‌ده‌نی خه‌ڵكی كوردستان بۆ ده‌سته‌به‌ر كردنی ماف و داخوازییه‌كانیان.

ناوه‌ندی هاوكاری حیزبه‌كانی كوردستانی ئێران وێڕای مه‌حكووم كردنی داخستنی سنووره‌كان و گوشارهێنان بۆ سه‌ر ژیان و گوزه‌رانی خه‌ڵك له لایه‌ن ڕێژیمی كۆماری ئیسلامییه‌وه ئه‌م جووڵانه‌وه مه‌ده‌نییه‌ی شاره‌كانی بانه، پیرانشار و مه‌ریوان به‌رز ده‌نرخێنێت و پشتیوانی خۆی له ماف و داخوازییه‌كانی خه‌ڵكی ئه‌و شارانه ده‌رده‌بڕێت. جێی وه‌بیرهێنانه‌وه‌یه كه هاوپشتی و هاوخه‌باتی هه‌موو چین و توێژه‌كانی كۆمه‌ڵگای كوردستان، سه‌ركه‌وتن و ده‌سته‌به‌ری مافه‌كانی خه‌ڵكی كوردستان گه‌ره‌نتی ده‌كات.

**ناوه‌ندی هاوكاری حیزبه‌كانی كوردستانی ئێران**
**١/٣/٢٠١٨**

# نووسینگه‌ی لێپرسراوی گشتیی حیزب داوای ڕوونكردنه‌وه‌ی له ماڵپه‌ڕی "په‌یامنێر" كرد

سه‌باره‌ت به هه‌واڵێكی چه‌واشه‌كارانه كه ماڵپه‌ڕی "په‌یامنێر" له‌سه‌ر حیزبی دێموكرات بڵاوی كردۆته‌وه، نووسینگه‌ی لێپرسراوی گشتیی حیزبی دێموكرات وێڕای ڕه‌دكردنه‌وه‌ی ئه‌م هه‌واڵه ناڕاسته، داوای ڕوونكردنه‌وه‌ی له به‌ڕێوه‌به‌رانی ئه‌م ماڵپه‌ڕه كرد كه ده‌قه‌كه‌ی به‌م چه‌شنه‌یه:

به‌ڕێز ماڵپه‌ڕی "په‌یامنێر"

خه‌به‌رێك به ڕێكه‌وتی ٢٨ی مانگی فێبرییه‌ی ٢٠١٨ له ماڵپه‌ڕه‌كه‌تاندا بڵاوكراوه‌ته‌وه، كه گوایا حیزبی دێموكراتی كوردستانی ئێران ٥٠ ده‌فته‌ر دۆلاری له لاهۆر شێخ جه‌نگی وه‌رگرتووه، ئه‌و خه‌به‌ره سه‌رتاپای ناڕاسته و بۆیه به ته‌واوی ڕه‌دی ده‌كه‌ینه‌وه. حیزبی دێموكراتی كوردستانی ئێران هیچ پاره‌یه‌كی له لاهۆر شێخ جه‌نگی وه‌رنه‌گرتووه، هه‌روه‌ها هیچ پێشمه‌رگه‌یه‌كی حیزبی دێموكرات له لایه‌ن ئاسایشی قه‌زای كۆیه به هیچ تاوانێك ده‌ستگیر نه‌كراوه تا داوای ئازادبوونیان بۆ بكرێ.

ئێمه چاوه‌ڕوانین به پێی یاسای ڕۆژنامه‌وانی ئه‌م ڕه‌دكردنه‌وه‌یه له ماڵپه‌ڕه‌كه‌تاندا چاپ و بڵاو بكه‌نه‌وه.

**حیزبی دێموكراتی كوردستانی ئێران**
**نووسینگه‌ی لێپرسراوی گشتی**
**٣ی مارسی ٢٠١٨ی زایینی**



# ڕۆژی زمانی دایكی له شاخه‌كانی كوردستان پیرۆز كرا

هێزی تایبه‌تی حیزبی دێموكراتی كوردستانی ئێران له شاخه‌كانی كوردستان به بۆنه‌ی ڕۆژی جیهانیی زمانی دایكی ڕێوڕه‌سمێكی تایبه‌ت به‌و ڕۆژه‌ی به‌ڕێوه برد.

ڕۆژی چوارشه‌ممه ڕێكه‌وتی ٢ی ڕه‌شه‌مه، هێزی تایبه‌تی حیزبی دێموكرات له شاخه‌كانی كوردستان ڕێوڕه‌سمێكی به‌شكۆی به بۆنه‌ی ڕۆژی جیهانیی زمانی دایكی به‌ڕێوه برد.

له‌و ڕێوڕه‌سمه‌دا كه به بۆنه‌ی ڕۆژی جیهانیی زمانی دایكی به‌ڕێوه چوو، فه‌رمانده نیزامییه‌كانی هێزی پێشمه‌رگه، كادری سیاسی و نیزامی و پێشمه‌رگه‌كانی هێزی تایبه‌ت له‌و ڕێوڕه‌سمه‌دا به‌شداریان كردووه.

له ڕێوڕه‌سمه‌كه‌دا چه‌ندین وتار له لایه‌ن به‌ڕێوه‌به‌رانی ڕێوڕه‌سمه‌كه تایبه‌ت به ڕۆژی جیهانیی زمانی دایكی خوێندرایه‌وه كه تێیدا باس له گرینگی و بایه‌خی زمانی دایكی كرا.

# ناوه‌ندی سیاسیی حیزبی دێموكرات ڕاگه‌یه‌ندراوێكی بڵاو كرده‌وه

ناوه‌ندیی سیاسیی حیزبی دێموكراتی كوردستانی ئێران سه‌باره‌ت به به‌ڕێوه‌چوون و كۆتایی سه‌ركه‌وتووانه‌ی شانزده‌هه‌مین كۆنگره‌ی حیزبی دێموكرات ڕاگه‌یه‌ندراوێكی بڵاو كرده‌وه.

ده‌قی ڕاگه‌یه‌ندراوه‌كه:

ڕاگه‌یه‌ندراوی ناوه‌ندی سیاسیی حیزبی دێموكراتی كوردستانی ئێران سه‌باره‌ت به به‌ڕێوه‌چوون و كۆتایی سه‌ركه‌وتووانه‌ی شانزده‌هه‌مین كۆنگره‌ی حیزب

له ڕێگای ئه‌م ڕاگه‌یه‌ندراوه‌وه هه‌موولایه‌ك ئاگادار ده‌كه‌ین كه شانزده‌هه‌مین كۆنگره‌ی حیزبی دێموكراتی كوردستانی ئێران ئێواره‌ی ڕۆژی سێ شه‌ممه ١ی ڕه‌شه‌مه‌ی ١٣٩٦ی هه‌تاوی به‌رانبه‌ر به ٢٠ی فێورییه‌ی ٢٠١٨ی زایینی، به‌پێی ئه‌و به‌رنامه‌یه كه وه‌ك ده‌ستووری كار دیاری كرا بوو ده‌ستی به‌كار كرد و پاش چوار ڕۆژ كاری به‌رده‌وام ده‌ره‌نگ وه‌ختانێی شه‌وی هه‌ینی له‌سه‌ر شه‌ممه ڕێكه‌وتی ٤ی ڕه‌شه‌مه سه‌ركه‌وتووانه كۆتایی به كاره‌كانی هێنا.

كۆنگره‌ی شانزده‌هه‌می حیزبی دێموكراتی كوردستانی ئێران له هه‌ڵومه‌رجێكی تایبه‌تی و ناوچه‌ییدا به‌ڕێوه‌چوو كه پێویست بوو هه‌م له باری سیاسی و هه‌میش له باری ئه‌منییه‌تییه‌وه گرینگییه‌كی به‌رچاوی پێ بدرێ به تایبه‌ت كه كۆماری ئیسلامیی ئێران زۆر به جیددی بۆ زه‌برووه‌شاندن له كۆنگره یا پێشگرتن له به‌ڕێوه‌چوونی له دارشتنی پلان و پیلانگێڕیدا بوو. به‌خۆشییه‌وه حیزبی دێموكراتی كوردستانی ئێران به له‌به‌رچاوگرتنی هه‌موو ئه‌گه‌ره‌كان به تایبه‌ت له باری كات و شوێنی كۆنگره و پاراستنی ئاسایشی شوێنی كۆنگره وردبینانه هه‌ڵسوكه‌وتی كرد، هه‌ر بۆیه كۆنگره له‌وباره‌شه‌وه به سه‌ركه‌وتوویی به‌ڕێوه چوو.

ساڵۆنی كۆنگره به چه‌ندین دروشم ڕازابووه كه ده‌ربڕی بیروبۆچوونی دێموكراتیانه، نه‌ته‌وه‌ییانه و دادپه‌روه‌رانه‌ی حیزبی دێموكراتی كوردستانی ئێران بوون و كۆنگره وه‌ك كۆنگره‌ی "ڕاسانی ڕۆژهه‌ڵات" پێناسه كرد بوو.

كورسیی هاوڕێیان شه‌هید "چه‌كۆ ڕه‌حیمی، كاوه جه‌وانمه‌رد و هێمن مه‌ولانئژاد" كه نوێنه‌ری كۆنگره بوون، به‌ڵام به‌داخه‌وه به هۆی شه‌هیدبونیان پێش كاتی به‌ستنی كۆنگره به‌تاڵ بوو به چه‌پكه‌گوڵ ڕازێندرا بوون.

كۆنگره‌ی ١٦ی حیزبه‌كه‌مان به سروودی نه‌ته‌وایه‌تی "ئه‌ی ڕه‌قیب" و چه‌ند ساتێك به پێوه‌ڕاوه‌ستان به بێده‌نگی ده‌ستی به كاره‌كانی كرد و پاشان هاوڕێی به‌ڕێز "حه‌سه‌ن شه‌ره‌فی" به‌رپرسی كۆمیته‌ی ئاماده‌كاری كۆنگره‌ی١٦ڕاپۆرتی كاره‌كانی ئه‌و كۆمیته‌ی پێشكه‌شی ئه‌ندامانی كۆنگره كرد، پاش په‌سندكرانی ڕاپۆرته‌كه ده‌نگی بۆ مه‌شرووعییه‌ت و ڕه‌وایی كۆنگره‌وه‌رگرت كه نوێنه‌رانی به‌شدار له كۆنگره به تێكڕای ده‌نگ مه‌شرووعییه‌تی كۆنگره‌یان په‌سند كرد و كۆنگره به فه‌رمی چووه بواری به‌ڕێوه‌بردنی ئه‌و به‌رنامانه‌ی كه له ده‌ستووری كاری كۆنگره‌دا ده‌ست نیشان كرا بوون.

به‌پێی ئه‌و به‌رنامه‌یه سه‌ره‌تا داوا له تێكۆشه‌ر و كه‌سایه‌تی ناسراوی حیزبه‌كه‌مان كاك "مه‌لا حه‌سه‌ن شێوه‌سه‌ڵی" كرا كه وتاری كردنه‌وه‌ی كۆنگره پێشكه‌ش بكا. به‌ڕێزیان له په‌یامی خۆیدا وێڕای ئاماژه به هه‌لومه‌رجی ناوچه و شوێنی حیزبی دێموكراتی كوردستانی ئێران له گۆڕه‌پانی خه‌باتی كوردستانی ڕۆژهه‌ڵات، ته‌بایی نێوماڵی كورد و یه‌كریزیی كادر و پێشمه‌رگه و ئه‌ندامانی حیزبی دێموكراتی كوردستانی ئێرانی به پێویستێكی گرینگ دانا كه ئه‌و په‌یامه به‌گه‌رمی پێشوازی لێكرا.

له بڕگه‌یه‌كی دیكه‌ی كاری كۆنگره‌دا ڕاپۆرتی سیاسی كۆمیته‌ی ناوه‌ندی له لایه‌ن به‌ڕێز "مسته‌فا هیجری"ـیه‌وه سكرتێری گشتیی حیزبه‌وه پێشكه‌شی كۆنگره كرا. ئه‌و ڕاپۆرته وه‌زعی جیهانی و هه‌ڵوێسته‌كانی وڵاتانی زلهێز و شوێندانه‌ریان له‌سه‌ر ڕه‌وتی ڕووداوه‌كانی ناوچه و ئێران و دۆزی كورد به‌گشتی، هه‌روه‌ها ئاڵۆزییه‌كانی ڕۆژهه‌ڵاتی ناوه‌ڕاست و ڕۆڵی تێكده‌رانه‌ی كۆماری ئیسلامی له‌و ناوچه‌یه كه‌وتبووه به‌رچاو و وه‌زعی ئێستای ئێران و خه‌باتی خه‌ڵكی ئێران بۆ ئازادی و مافه‌كانیان به وردی ئاماژه‌یان پێكرا بوو. له ڕاپۆرته‌كه‌دا دۆزی كورد به‌گشتی له هه‌موو پارچه‌كان به‌مجۆره كه هه‌یه باسیان لێكرا بوو و بزووتنه‌وه‌ی كورد له كوردستانی ڕۆژهه‌ڵات و ده‌وری هێزه سیاسییه‌كانی كورد له‌و پارچه‌ییه‌ی كوردستان و پێویستی هاوكاری و هاوخه‌باتی ئه‌و هێزانه و ڕۆڵه‌كانی نه‌ته‌وه‌ی كورد پێ له‌سه‌ر داگیرا بوو، له‌و چوارچێوه‌دا وه‌دیهاتنی به‌ره یا ئیئتلافێك له نێوان هێزه سیاسییه‌كانی كوردستانی ڕۆژهه‌ڵات و ئێران به گرینگییه‌كی تایبه‌تییه‌وه سه‌یری كرا بوو و لابردنی به‌ربه‌سته‌كانی سه‌ر ڕێگای ئه‌م مه‌به‌سته ده‌ست نیشان كرا بوون. له‌و پێوه‌ندییه‌دا ئاماژه به‌وه كرا بوو كه تا به ئاكام گه‌یشتنی یه‌كگرتنه‌وه حزوور و به‌شداری هاوڕێیانی پێشوو له هه‌ر ته‌شه‌كولێك یا به‌ره یا ئیئتلافێكی نێوان هێزه كوردیی و ئێرانییه‌كان ناكاته به‌ربه‌ستی ئاماده‌بوونی حیزبی دێموكراتی كوردستانی ئێران له‌م به‌ره یا ئیئتلافه كوردی یا ئێرانییه‌دا.

به‌شێكی دیكه‌ی ڕاپۆرتكه ته‌رخان كرا بوو بۆ گرینگی دان به ڕاسانی ڕۆژهه‌ڵات كه له‌و باره‌وه شێوه‌ی به‌رینتركردنه‌وه‌ی و شوێندانه‌رتربوونی ده‌ست نیشان كرا بوو. ئه‌ندامانی كۆنگره له چه‌ند دانیشتندا زۆر چالاكانه به‌شداری باس و ڕاوبۆچوون ده‌ربڕین له‌سه‌ر هه‌ركام له به‌شه‌كانڕاپۆرت بوون كه تێبینی و بۆچوونه‌كانیان ڕاپۆرته‌كه‌ی ده‌وڵه‌مه‌ندتر كرد.

سه‌رئه‌نجام له ده‌نگ وه‌رگرتنێكدا ڕاپۆرته‌كه به زۆرینه‌یه‌كی به‌رچاو په‌سند كرا. دیاره كۆی باس و بابه‌ته‌كانی ئه‌م ڕاپۆرته له داهاتوودا پاشچاپ و بڵاوكردنه‌وه ده‌كه‌وێته به‌رچاوی هه‌موو لایه‌ك.

بڕگه‌یه‌كی دیكه‌ی كاری كۆنگره باس له‌سه‌ر گه‌ڵاڵه‌ی پێكهاته‌ی حیزب بوو، گه‌ڵاڵه‌یه‌ك كه له‌سه‌ر بنه‌مای دابه‌شكردنی ده‌سه‌ڵات و گرینگیدان به بایه‌خه ته‌شكیلاتییه نێوخۆییه‌كان ئاڵوگۆڕێكی بنه‌ڕه‌تی له پێكهاته‌ی حیزبدا پێك دێنێ، هه‌ر بۆیه بارته‌قای گرینگییه‌كه‌ی بۆ ماوه‌ی زیاتر له ساڵێك له لایه‌ن ئه‌ندامانی حیزبه‌وه كه‌وتبووه به‌رباس و ڕاده‌ربڕین و سه‌رئه‌نجام ئه‌و گه‌ڵاڵه‌یه كه سه‌ره‌تا له لایه‌ن سكرتێری گشتیی حیزب و چه‌ند هاوڕێیه‌كه‌وه ئاماده كرا بوو پاش پێداچوونه‌وه و له‌به‌رچاوگرتنی تێبینییه‌كان له پلینۆمه‌كانی دوایی حیزبدا له لایه‌ن كۆمیته‌ی ناوه‌ندییه‌وه كۆ ده‌نگی له‌سه‌ر پێكهات و وه‌ك گه‌ڵاڵه‌ی كۆمیته‌ی ناوه‌ندی بۆ پێكهاته‌ی حیزب پێشكه‌شی كۆنگره‌ی ١٦ی حیزب كرا.

ئه‌و گه‌ڵاڵه‌یه له لایه‌ن به‌شدارانی كۆنگره‌وه به تێروته‌سه‌لی باسی له‌سه‌ر كرا و ئاڵوگۆڕی بیروڕای بۆ كرا و پاش له‌به‌رچاوگرتنی ڕای زۆربه‌ی به‌شدارانی كۆنگره وه‌ك گه‌ڵاڵه‌ی ئاڵوگۆڕ له پێكهاته‌ی حیزبدا به زۆرینه‌ی به‌رچاوی ده‌نگی نوێنه‌رانی كۆنگره په‌سند كرا.

بڕگه‌یه‌كی دیكه‌ی كاری كۆنگره پێداچوونه‌وه به به‌رنامه و پێڕه‌وی نێوخۆی حیزب بوو، دیاره به‌رنامه له ژێر تیشكی ڕاپۆرتی سیاسی كۆمیته‌ی ناوه‌ندیدا و پێڕه‌وی نێوخۆیش به سه‌رنجدان به نێوه‌ڕۆكی گه‌ڵاڵه‌ی پێكهاته‌ی حیزب دارێژرا بوون، به‌م حاڵه‌ش به‌شدارانی كۆنگره چالاكانه له پێوه‌ندی له‌گه‌ڵ به‌رنامه و پێڕه‌وی نێوخۆی حیزبیشدا به وردی ڕاوبۆچوونی خۆیان ده‌ربڕی، سه‌رئه‌نجام به له‌به‌رچاوگرتنی تێبینییه‌كانی به‌شداران به‌رنامه و پێڕه‌وی نێوخۆی حیزبیش له لایه‌ن نوێنه‌رانی به‌شدار له كۆنگره‌وه په‌سند كران.

بڕگه‌ی دوایی كاری كۆنگره دیاری كردنی لیژنه‌ی هه‌ڵبژاردن و به‌ڕێوه‌بردنی هه‌ڵبژاردنه‌كان بوو، بۆ ئه‌نجامدانی ئه‌م ئه‌ركه لیژنه‌یه‌كی سێ كه‌سی له ئه‌ندامانی كۆمیته‌ی ئاماده‌كاری كۆنگره بۆ چاوه‌دێری به‌سه‌ر هه‌ڵبژاردنه‌كان دیاری كرا و ژماره‌یه‌ك هاوكاری دیكه له ئه‌ندامانی كۆنگره كاری به‌ڕێوه‌بردنی هه‌ڵبژاردنه‌كانیان پێئه‌سپێردرا . ئه‌م لیژنه‌یه سه‌ره‌تا هه‌ڵبژاردنی بۆ لێپرسراوی گشتیی حیزب به‌ڕێوه برد و له ئه‌نجامدا هاوڕێی به‌ڕێز كاك مسته‌فا هیجری به زۆرینه‌ی به‌رچاوی ده‌نگی به‌شدارانی كۆنگره وه‌ك لێپرسراوی گشتیی حیزبی دێموكراتی كوردستانی ئێران هه‌ڵبژێردرا. پاشان ئه‌و لیژنه‌یه كاری هه‌ڵبژاردنی ئه‌ندامانی ناوه‌ندی سیاسی به‌ڕێوه‌برد و له نێو كاندیداتۆره‌كاندا كه ژماره‌یان به‌رچاو بوو ئه‌و ڕێژه‌یه‌ی كه كۆنگره بۆ ناوه‌ندی سیاسی په‌سند كرد بوو كه چوار ده‌وری هه‌ڵبژاردندا بڕاوه‌ی هه‌ڵبژاردنه‌كانی ڕاگه‌یاند. لێره‌دا ئاماژه به‌وه پێویسته كه ڕێژه‌ی به‌شداری ژنان چ وه‌ك ئه‌ندامی نوێنه‌ری كۆنگره وچ وه‌ك ئه‌ندامی ناوه‌ندی سیاسی تا ڕاده‌یه‌ك هه‌ڵكشانی به خۆیه‌وه بینیبوو.

پێویسته بگوترێ له مه‌ودای نێوان بڕگه‌كانی به‌رنامه‌ی كۆنگره‌دا لیسته و ناوی ئه‌و حیزب و لایه‌نه سیاسیانه‌ی بیانی، ئێرانی و كوردستانی كه په‌یامییان بۆ كۆنگره‌وه نارد بوو له لایه‌ن كۆمیسیۆنی په‌یامه‌كانی كۆمیته‌ی ئاماده‌كاری كۆنگره به ئاگاداری به‌شدارانی كۆنگره گه‌یشت ولیستی ئه‌و په‌یامانه‌ش ڕاگه‌یاندران كه به ناوی كۆنگره‌وه بۆ لایه‌نه‌كانی پێویست ده‌نێردرێ.

هه‌روه‌ها كۆمیسیونه‌كانی سكاڵا و بڕیاره‌كانی كۆنگره‌ش له ڕه‌وتی كاری كۆنگره‌دا ئه‌ركی پێ ئه‌سپێردراوی خۆیان به‌ڕێوه برد و ئاكامه‌كه‌یان به كۆنگره ڕاگه‌یاند.

به‌مجۆره كۆنگره‌ی شانزده‌هه‌می حیزبی دێموكراتی كوردستانی ئێران سه‌ركه‌وتووانه كۆتایی به كاره‌كانی خۆی هێنا و هه‌روه‌ك پێشتریش ئاماژه‌ی پێدرا، به‌ڵگه‌نامه‌كانی كۆنگره پاش ئاماده‌بوون و به چاوپ گه‌یشتن ده‌كه‌ونه به‌ر دیدی خوازیارانی.

**سه‌ركه‌وتن بۆ بزووتنه‌وه‌ی كورد و بزووتنه‌وه‌ی سه‌رانسه‌ری ئێران**
**نه‌مان بۆ ڕێژیمی دیكتاتۆر و كۆنه‌په‌ره‌ستی كۆماری ئیسلامیی ئێران**

**حیزبی دێموكراتی كوردستانی ئێران**
**ناوه‌ندی سیاسی**
**٩ی ڕه‌شه‌مه‌ی ١٣٩٦ی هه‌تاوی**
**٢٨ی فێورییه‌ی ٢٠١٨ی زایینی**

# "باوکی ڕاسان" بووە یەکەم شەهیدی دەستی تێرۆر لە قۆناخی ڕاساندا



ئێوارەی ڕۆژی پێنجشەممە ڕێکەوتی ۱۰ی ڕەشەمەی ۱۳۹٦ی هەتاوی، سەلاح ڕەحمانی، پێشمەرگە و یەکێک لە فەرماندەرانی هێزی پێشمەرگەی کوردستان، هاوڕێ لەگەڵ کوڕەکەی بە ناوی سەباح ڕەحمانی خەڵکی شاری کامیاران و دانیشتووی شارۆچکەی "بنەسڵاوە"ی هەولێر، لە کردەوەیەکی تێرۆریستیدا و بەهۆی لکاندنی بۆمبێک بە ماشینەکەیانەوە، بە توندی بریندار و ڕەوانەی یەکێک لە نەخۆشخانەکانی شاری هەولێر کران.

بە هۆی تەقینەوەی ئەم بۆمبە، هاوڕێ سەلاح و کوڕەکەی بە سەختی بریندار بوون؛ بەداخەوە بەهۆی سەختی برینەکانی و پاش چەند کاتژمێر بەربەرەکانێ لەگەڵ مەرگ، ڕۆژی دواتر کاک سەباح ڕەحمانی لە یەکێک لە نەخۆشخانەکانی شاری هەولێر، گیانی لەدەستدا و تێکەڵ بە کاروانی شەهیدان بوو.

سەباح ڕەحمانی تەمەن ۳۳ ساڵ و خەڵکی کامیاران، لە تەمەنی ۱۸ ساڵیدا بە فەرمی بووە ئەندامی حیزب و زۆر چالاکانە بەشداری لە کاروباری حیزبی دەکرد و هەردەم ئامادەی ڕاپەڕاندنی ئەرک و پێئەسپێردراوە حیزبییەکان بوو؛ ناوبراو خێزاندار و خاوەنی دوو منداڵ بوو کە تەمەنی یەکێک لە منداڵەکانی بەناوی ڕاسان تەنیا دوو مانگە.

سەرلەبەیانی ڕۆژی هەینی ڕێکەوتی ۱۱ی ڕەشەمەی ۱۳۹٦ی هەتاوی، بە بەشداریی لێپرسراوی گشتیی حیزبی دێموکرات و ئەندامانی ناوەندیی سیاسی حیزب، کادر، پێشمەرگە، بنەماڵە و میوانان تەرمی شەهید "سەباح ڕەحمانی"، لە گۆڕستانی شەهیدانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بە خاکی پیرۆزی کوردستان سپێردرا.

لەو ڕێوڕەسمەدا بەڕێز "حەسەن شەرەفی" جێگری لێپرسراوی گشتیی حیزبی دێموکرات و بەرپرسی ناوەندی سیاسی چەند وتەیەکی پێشکەش کرد.

شەرەفی لە قسەکانیدا باسی لەوە کرد، ئەمڕۆ لە ڕێوڕەسمی بە خاک سپاردنی تێکۆشەری نەتەوەکەمان شەهید "سەباح ڕەحمانی" تەمەن ۳۳ ساڵ، کوڕی کاک "سەلاح ڕەحمانی" کۆ بووینەتەوە، کە تەرمی پیرۆزی بە خاکی پیرۆزی کوردستان بسپێرین؛ دوێنێ ئێوارێ دەستی تێرۆریستانی ڕێژیمی کۆنەپەرستی ڕێژیمی ئیسلامیی ئێران گەیشتە ماڵی کاک سەلاح و بە لکاندنی بۆمبێک بە ماشینی ناوبراو، خۆی و کوڕەکەی کەوتنە بەر پەلاماری تێرۆریستیی تێرۆریستانی ڕێژیمی ئێران و لەو هەوڵەدا کاک سەباح بەهۆی قووڵیی برینەکەی گیانی فیدای کوردستان کرد و کاک سەلاحیش بریندار بوو.

بەرپرسی ناوەندی سیاسیی حیزبی دێموکرات لە تەوەرێکی دیکەی قسەکانیدا باسی لەوە کرد، ڕێژیمی ئێران لە بزووتنەوەی کورد لە کوردستانی ڕۆژهەڵات دەترسێت و لە ترسی تێکۆشان و خەباتی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران دەست بۆ هەموو کارێک و یەک لەوانە تێرۆر دەبات؛ بەڵام دەبێ ڕێژیمی ئیسلامیی ئێران بزانێت کە ئێمە هەنگاومان نەتەنیا شل نابێت بەڵکوو قایمتر لە جاران دەبێت.

شەرەفی باسی لەوەش کرد کە ڕێژیمی ئێران لەمێژە وادەزانێت کە بە تێرۆر و کوشتن دەتوانێت پێش بە خەباتی ڕزگاریخوازانەی گەلی کورد لە کوردستانی ڕۆژهەڵات بگرێت هەر بۆیە دوو ڕێبەریی نەتەوەکەمانی لە دەرەوەی وڵات شەهید کرد، بەڵام بەپێچەوانەوە شەهیدکرانی دوو ڕێبەرمان بە دەستی تێرۆریستانی ڕێژیمی ئێران ئێمە و تێکۆشەرانی کوردی بۆ وەدیهاتنی ئامانجەکانمان قایمتر کرد.

پاشان کاک "سەلاح ڕەحمانی" باوکی شەهید سەباح چەند وتەیەکی پێشکەش کرد.

کاک سەلاح لە قسەکانیدا باسی لەوە کرد ڕێژیمی تێرۆریستیی ئیسلامیی ئێران دەبێ بزانێت من ئیرادەم شل نابێت و تۆڵە دەکەمەوە؛ ناوبراو هەروەها باسی لەوە کرد من سێ کوڕم هەیە و هەر سێ کوڕم بە قوربانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران دەکەم و ئەو کارەی ڕێژیم من لە خەبات شل ناکات و هەنگاوم بەهێزتر دەبێت.

شەهیدکرانی ئەم لاوە کوردە، هەڵوێست و دژکردەوەی چەندین لایەنی سیاسی کوردستانیشی بەدوای خۆیدا هێنا؛ بەپێی دوایین زانیارییەکان مەکتەبی پێوەندییەکانی یەکیەتیی نیشتمانی کوردستان، سازمانی کوردستانی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران - کۆمەڵە، سکرتاریای کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران، کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستان، هاوڕێیانی پێشوو - پێوەندییەکانی سلێمانی، سازمانی خەباتی کوردستانی ئێران، پارتی ئازادی کوردستان، ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستانی سووریە، پارتی ئازادی کورد- سووریە، پارتی یەکیەتی دێموکراتی کورد لە سووریە، هاکپار، پارتی ماف و ئازادی، پارتی سوسیالیستی کوردستان، حیزبی شیوعی کوردستان، پارتی ئازادی کوردستان - باکوور، پارتی ئازادی کوردستان سووریە و پارتی سەربەستیی کوردستان پێوەندییان بە حیزبی دێموکراتەوە گرتووە و هاوخەمی و سەرەخۆشی خۆیان بەبۆنەی شەهیدبوونی هاوڕێ سەباح ڕەحمانی ئاراستەی حیزب و لە ڕێگەی حیزبیشەوە ئاراستەی بنەماڵەی شەهید سەباح کردووە.

هەروەها بەشێکی بەرچاو لە ئەندامان و لایەنگرانی حیزب لە نێوخۆی وڵات و پێشمەرگەکانی شار لە شارەکانی سەقز، بانە، پیرانشار، ورمێ، شنۆ، نەغەدە و چەندین شاری دیکەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان پەیامی هاوخەمییان بۆ حیزب ناردووە و بەڵێنیان داوە کە شێلگیرانەتر لە ڕابردوو درێژە بە ڕێبازی پڕسەروەری شەهیدان دەدەن.

لەلایەکی دیکەشەوە ڕووداوی تیرۆری ناکامی سەلاح ڕەحمانی، فەرماندەی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لەلایەن کۆماری ئیسلامیی ئێرانەوە کە بەداخەوە تێیدا سەباح ڕەحمانی، کوڕی فەرماندە سەلاح و ئەندامی چالاکی حیزبی دێموکرات بە پلەی بەرزی شەهید بوون گەیشت، لەلایەن چەندین هەواڵدەریی بەناوبانگی جیهانەوە رووماڵ کرا کە بەرچاوترینیان بریتین لە: ڕۆیتێرز، ئەلعەرەبییە، ئەلجەزیرە و نیۆیۆرک تایمز.

# هەڵۆکانی زاگرۆس خۆفرۆشێکیان بە سزا گەیاند




نیشتمانفرۆشێک لە لایەن هەڵۆکانی زاگرۆسەوە لە ناوچەی بانە بە سزای کردەوەکانی خۆی گەیشت.

وێبلاگی هەڵۆکانی زاگرۆس بڵاوی کردووەتەوە، جاشێک بە ناوی "عەلی قادری" ناسراو بە "عەلی سەلیم بلەی"، لەنێوان جاددەی ڕەشەقەڵات- بانە کوژرا.

وێبلاگی هەڵۆکانی زاگرۆس بڵاوی کردووەتەوە، کاتژمێر ١٦:٠٠ی ئێوارەی ڕۆژی سێشەممە ڕێکەوتی ٨ی ڕەشەمەی ۱۳۹٦ی ، جاش "عەلی قادری" ناسراو بە عەلی سەلیم بلەی، لەنێوان جادەی ڕەشەقەڵات- بانە واتا بانە بۆ سەقز بە سزای کردەوەکانی خۆی گەیشتووە.

هەڵۆکانی زاگرۆس لە درێژەی ئەو هەواڵەدا ڕایانگەیاندووە، ئێمە وەک هەڵۆکانی زاگرۆس وێڕای پشتڕاست کردنەوەی ئەو هەواڵە، بەرپرسیارەتیی سزادان و کوشتنی ئەو نیشتمانفرۆشە لەلایەن "هێزی وەنەوەشەی" هەڵۆکانی زاگرۆسەوە وەئەستۆ دەگرین و ڕایدەگەیێنین کە بە تاوانی خیانەت بە نیشتمان و نەتەوەفرۆشی و بەگرتدانی لاوانی نەتەوەکەمان و خۆشخزمەتی بۆ داگیرکەران، سزامان داوە.

ئەو بەکرێگیراوەی ڕێژیم پێشتریش چەندین جارئاگادار کرابوویەوە کە دەست لە خیانەت و کوردفرۆشی هەڵبگرێ و بگەڕێتەوە داوێنی کوردایەتی بەڵام ناوبراو لە خیانەتەکانی خۆی بەردەوام بوو تا لە ئاکامدا لە دادگای دادوەریی کوردایەتیدا، بڕیاری سزادران و کوژرانی بۆ دەرچوو.

# پەیامی ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران بە بۆنەی ۸ مارس



ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران، بە بۆنەی ۸ مارس، ڕۆژی جیهانی ژن پەیامێکی بڵاو کردەوە.

دەقی پەیامەکە:

بە بۆنەی ۸ی مارس، ڕۆژی جیهانی ژن

۸ی مارسی هەموو ساڵێک وەبیرهێنەری مێژوویەک لە تێکۆشانی بێوچانی ژنان، لە سەرانسەری جیهاندا بۆ دابین بوونی مافەکانیان و گەیشتن بە یەکسانیی ڕاستەقینەی نێوان مرۆڤەکانە.

ژنانی کۆمەڵگای ئێران و ڕۆژهەڵاتی کوردستانیش بەتایبەتی لەم ساڵانەی دواییدا خەبات و تێکۆشانێکی ماندووییەناسانەیان بۆ پاشەکشەکردن بە سیستمی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی و یاساکانی کە لەسەر بناغەی چەندین جۆر هەڵاواردن و یەک لەوانەش ستەم و هەڵاواردنی ڕەگەزی دژ بە ژنان بونیات نراوە، بەڕێوە بردووە. ئەو سیستمە سیاسییەی کە ئێستا وەکوو وەیشوومەیەک باڵی بە سەر وڵاتەکەماندا کێشاوە، هەم میراتگری کۆمەڵێک دابونەریتی پیاوسالارانەیە، کە خۆبەخۆ دژ بە ویستی ڕەوا و ئەمڕۆیی ژنانی یەکسانیخواز کار دەکات و هەم بۆ خۆی بەرهەمهێنەری کولتوور و عەقڵیەتێکی ئیدئۆلۆژیکە کە ژن لەو کولتوورەدا خاوەنی هیچ مافێك و هەڵگری هیچ بایەخێکی مرۆیی نییە و تەنیا وەکوو ئامراز و کاڵا و کۆیلەیەک بۆ خزمەتکردن بە پیاوان و دەزگای بەرهەمهێنانی حەشیمەتێکی گوێڕایەڵ و پەروەردەکردنی سەرباز بۆ بەردەوامی و مانەوەی سیستم چاوی لێ دەکرێت.

لە دیارییەکانی ئەو سیستمە بۆ ژنان، دەتوانین ئاماژە بۆ هەڵاواردن لە بواری میرات، یاسای فرەژنی و یاساکانی دیکەی تایبەت بە پێگەی ژن لە بنەماڵە و ژیانی هاوبەشدا، قەساس و حەد و تەعزیر و خوێنبایی، ڕەوایی دان بە قەتڵی نامووسی، دەستدرێژیی سێکسی لە زیندانەکاندا، بەردبارانکردن، گەشتی ئیرشاد، حیجابی زۆرەملێ و بەربەست دانان بۆ بەشداریی چالاکانە و ئازادی ژنان لە بوارەکانی ژیانی سیاسی و کولتووری و کۆمەڵایەتیدا بکەین، کە لە دووتۆیی هەواڵەکانی پێوەندیدار بە پێشێلکردنی مافەکانی ژنان و کارەساتەکانی پێوەندیدار بە ژیانی ژنان وەکوو تووشبوون بە مادده سڕکەرەکان، خۆکوژی و خەمۆکیدا خۆی دەنوێنێت و بەشێکی زۆر کەم لەو ڕاستییانە لە ڕاپۆرتی ڕێکخراوەکانی مافی مرۆڤی نێوخۆیی و نێودەوڵەتیدا ڕەنگ دەداتەوە.

لە وەها کۆمەڵگا و سیستمێکدا ژنان و پیاوانی یەکسانیخواز ئەرکێکی زۆر قورسیان بۆ هەڵگرتنی بەربەستەکان لە ئەستۆیە و لەگەڵ هەڕەشە و گوشاری سیستمی سیاسی و توێژی کۆنەپارێز و دواکەوتووی کۆمەڵگا بەرەڕوو دەبنەوە کە چاوی بە دیتنی پێناسەیەکی نوێ و مرۆڤسالارانە بۆ پێگەی ژن و پێکهێنانی هاوسەنگییەکی ڕاستەقینە لە نێوان ژن و پیاودا هەڵنایەت.

لەگەڵ ئەوەشدا ژنانی خەباتکاری ئێران و کوردستان بوێرانە بۆ داکۆکی لە مافەکانی خۆیان ڕاوەستاون و تێچووی قورسی ئەو خەباتە هەرگیز نەبووەتە هۆی ئەوەی کە ژنان لە داوا ڕەواکانی خۆیان پاشگەز ببنەوە.

لەم ساڵانەی دواییدا خەباتی ژنان بۆ لابردنی کۆسپەکانی سەر ڕێگای وەدیهێنانی مافەکانیان، ڕۆژ لە دوای ڕۆژ زیاتر بووەتە بەشێکی دانەبڕاو و پێشەنگی خەباتی هەموو چین و توێژە ماف پێشێلکراوەکان بۆ بە چۆك داهێنان و ڕووخاندنی سیستمی سەرەڕۆ و دژەمرۆیی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی.

لە خۆپیشاندانە تابۆشکێنەکانی زستانی ئەمساڵیشدا ژنان بە بەشداریی خۆیان لە ڕێکخستن و بەهێز کردنی ڕاپەڕینە جەماوەرییەکانی خەڵکدا توانیان ڕۆڵێکی ئازایانە بگێڕن و ببنە هێما و پێشەنگی بەشێك لە نارەزایەتییەکان. نموونەی هەرە دیاری ئەو هەوڵانەی ژنان، ڕووداوی لابردنی حیجابی زۆرەملێ وەکوو یەکێك لە هێماکانی دەسەڵاتی ژنکوژی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامییە، کە لە هەنگاوی بوێرانەی کچێک لە شەقامی ئینقلابی تارانەوە دەستی پێکرد و سەرەڕای ئەوەی کە ڕێژیم هەوڵی داوە بە هەڕەشە و سەرکوت و گرتن و لێدان، پێش بە پەرەسەندنی ئەو جۆرە نارەزایەتییانە بگرێت، لە ماوەیەکی کورتدا چالاکیی "کچانی شەقامی ئینقلاب" بوو بە نەریتێکی گشتی بۆ دەربڕینی نارەزایەتیی ژنان دژ بە ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی و یاساکانی.

ئێمە وەکوو ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان وێڕای پیرۆزبایی ۸ی مارس، لە هەموو ژنانی جیهان بەتایبەتی ژنانی یەکسانیخوازی وڵاتەکەمان، پشتیوانیی خۆمان لە هەموو داوا ڕەواکانی ژنان بۆ پێکهێنانی کۆمەڵگایەکی بەختەوەر و ژیانێکی مرۆیی کە لە ڕاستیدا داواکاری و ویستی هەموومانە دەردەبڕین، لە هەر دەرفەتێکدا و لە هەر تریبوونێکەوە کە لە بەردەستماندا بێت، دەنگمان دەخەینە پاڵ دەنگی هاواری مافخوازانەی ژنانی بەندکراوی وڵاتەکەمان و خەبات بۆ دابینبوونی ماف و داخوازییەکانیان بە ئەرکی لەپێشینەی خۆمان دەزانین.

**سڵاو لە ژنانی مافخواز و خەباتگێڕی وڵاتەکەمان**

**سەرکەوتوو بێت خەباتی یەکسانیخوازانەی ژنان**

**ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران**

**پێکهاتوو لە:**

**کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران**

**حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران**

**کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستان**

**حیزبی دێموکراتی کوردستان**

**سازمانی خەباتی کوردستانی ئێران**

**۸ی مارسی ۲۰۱۸ زایینی**

## درێژەی پەیڤ

گرنگی وەکوو کۆنگرە و هی حیزبێکی جیددی و خاوەن مەترسی بۆ سەر کۆماری ئیسلامیدا، زیاتر دۆخی ئەمنیەتیەکە بەرجەستە دەبێتەوە و ئەو هەواڵ و زانیارییانەش کە دەگەیشتن باسیان لەوە دەکرد کە کۆماری ئیسلامی بەهەموو شێوەیەک بەدوای ئەوەوەیە کە شوێن و کاتی کۆنگرە بزانێ و دەستی لێ بوەشێنێ و بە هاندانی هەندێک لە بیروڕاکان دەیهەویست بە شێوەی ناراستەوخۆ ئەو زانیارییانەی وەدەست بکەوێ کە بە وشیاریی حیزبی دێموکرات و هاوکاریی کادر و پێشمەرگە و بنەماڵەکانی کە پێوەندیدار بەو کارە بوون، کۆنگرە بەوپەڕی ئەمنیەتی باشەوە لە سەر تواناکانی خودی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بەڕێوە چوو.

جێگای ئاماژەیە کە لە یەک دوو ڕۆژی پێش دەسپێکی کۆنگرەدا دوایین شوێنی کۆنگرە بە ناچاری گۆڕانی بەسەردا هات و زانیاریی وردتر لەو بارەوە با بمێنێتەوە بۆ کاتێکی دیکە و مێژوویەکی دیکە، بەڵام سەرکەوتنی ئەم کۆنگرە لەم دۆخە پڕ مەترسییەدا کە بەداخەوە هەر حەوتوویەک دوای تەواوبوونی کۆنگرە، ماڵ و بنەماڵە و گیانی ئەندامێکی کۆنگرە کرایە ئامانجی کردەوەیەکی تیرۆریستی لە بنەسڵاوەی هەولێر، خۆی دەرخەری تەواوی دۆخە پڕ مەترسییەکەیە و شانازیی سەرکەوتنی کۆنگرە لەوەها دۆخێکدا زۆرتر دەکا.

دووهەم- باسێکی گرنگ و پڕ کێشە و پڕ لێدوان و بە هەڵوێستی جیاواز و دەنگ و ڕای زۆر جیاوازەوە لەسەر ئاڵوگۆڕ لە سیستمی حیزبی دێموکراتدا لە ماوەی سێ ساڵی ڕابردوودا لە نێو بەدەنە و ڕێبەریی حیزبی دێموکراتدا لەئارادا بوو. ئەم باسە گرنگە، ڕاوەستان و خوێندنەوەیەکی جیددی بۆ کۆی گرفت و کێشە وکەموکوڕییەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران و گەڕان بەدوای ڕێگاچارەی ریشەییدا بوو و دوای زیاتر لە چوار دەیە، سەقامگیربوونی سیستمێکی ڕێکخراوەیی، حیزبی دێموکرات دەیهەویست ساختاری خۆی بگۆڕێ.

ئەم باسە گرنگە و ڕای جیاواز لەسەری، دۆستانی وەدڵەخورپە خستبوو و بزەی خستبووە سەر لێوی نەیاران و دوژمنانی هێنابووە سەرخەت تاکوو هانی وردوخاشکردنی حیزبی دێموکرات بدەن، بەڵام دوای چەند ساڵ لێکدانەوە وباسکردن، حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە کۆنگرەی شازدەی خۆیدا، گەیشتە کۆدەنگی و بڕیاری ئاڵوگۆڕی لە پێکهاتە و سیستمی خۆی دا و باسە پێوەندیدارەکانی گەیاندە ئاکام و بڕیاری کۆی لێکەوتەوە؛ ئەمە هەم زیندووبوونی ئەم حیزبە و هەم سەردەمی بوون و هەم دیالۆگی دێموکراتییانەی نێو حیزبی نەک بە دروشم بەڵکوو بە کردەوە سەلماند؛ ئەمە شانازییەکی مێژووییە بۆ کۆنگرەی شازدەمی حیزبی دێموکرات کە مێژووخوڵقاندن بە شێوازی دێموکراتیکی نیشان دا.

سێهەم- دوای چەند ساڵ لە دەسپێکردنی ڕاسان و هەڵسەنگاندنی خاڵە بەهێز و لاوازکانی ئەم قۆناخە نوێیە لە خەبات، کۆنگرەی شازدەیەمی حیزبی دێموکرات بڕیاری درێژەدان و پەرەدان بە ڕاسانی ڕۆژهەڵاتی دا کە ئەمەش لە داهاتوودا نیشان دەدا کە لە خاڵە وەرچەرخانە مێژووییەکاندا دەس هەڵێنانەوە ئاساییەکان بۆ دەنگدان، دەتوانێ ڕەوڕەوی مێژوو بگۆڕێ.

کۆنگرەی ڕاسانی ڕۆژهەڵات بەسەرکەوتنەوە کارەکانی تەواو کرد و بڕیارە پێویستەکانی پەسند کرد و کردیە بەرنامەی کار بۆ داهاتوو، ڕێبەرایەتی و کادر و پێشمەرگە و ئەندامانی حیزبی دێموکرات دەتوانن لە مێژوودا وڵام بدەنەوە کە ئایا هەنگاوی کردەییان بۆ سەلماندنی ئەو شانازییانە ناوە یان نە؟ ئەوە دەمێنێتەوە بۆ داهاتوویەکی نەک زۆر دوور.

# دەقی وتەکانی بەڕێز لێپرسراوی گشتیی حیزبی دێموکرات لە جێژنی کۆتایی هاتنی سەرکەوتووانەی کۆنگرەی ۱٦ی حیزب




**„حیزبی دێموکرات وەکوو حیزبێکی پێشکەوتووی ئەوڕۆیی و سەردەمیانە، لە دوای ئەو هەنگاوانەی کە شەهیدی گەورەمان دوکتور قاسملوو لە ساڵانی کۆتایی چل و سەرتاکانی پەنجادا گەڕایەوە عێراق و بە نووسینی بەرنامە وپێڕەوێکی نێوخۆ توانی حیزبی دێموکرات لەو پەرتەوازییەی لە زەعفی تەشکیلاتی و سیاسەتدا هەیبوو، دووبارە ڕۆحێکی نوێی پێ ببەخشێ و حیزبی دێموکرات بگەیەنێتە ئاستێکی نوێ لە بەرزی و پێشکەوتن.“**

**„ئێمە مافی خۆمان بوو هەر کامێکمان موخالیف و موافق لە سەر ئەو گەڵاڵەیە قسە بکەین و قسەمان کرد. هەمووی ئەوانەی لەسەر ئەو گەڵاڵەیە قسە دەکەن و نەزەر دەدەن بە موخالیف وموافق، هەمووی لە ڕووی دڵسۆزیی و دیتنەوەی باشترین ڕێگەکانە بۆ بەرەو پێشبردنی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران.“**

هاوڕێیانی بەڕێز؛
خەڵکی تێکۆشەر و دێموکرات پەروەری کوردستان؛
کادر و پێشمەرگە و ئەندامان و لایەنگرانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران؛
سەرکەوتنی کۆنگرە شازدەتان، کۆنگرەی "ڕاسانی ڕۆژهەڵات" لێ پیرۆز بێ.
خوشک و برایانی بەڕێز، بە خۆشییەوە کۆنگرەی شازدەیەم، کۆنگرەی ڕاسانی ڕۆژهەڵات دوای ماوەیەک وەدواکەوتن بە خۆشییەوە بە سەرکەوتوویی کۆتایی بە کارەکانی خۆی هێنا. ئەو کۆنگرەیە وەکوو کۆنگرەکانی ڕابردووی حیزبی دێموکراتی کوردستان ئێران، کۆمەڵێک سەرکەوتن و شتی نوێی بەدوای خۆیدا هێنا کە ئەزموونی خەباتی حیزبکەمان و هەروەها خەبات لە ڕۆژهەڵاتی کوردستانی دەوڵەمەندتر کرد. دەسکەوتەکانی ئەو کۆنگرەیە ئەگەر بە کورتی ئیشارەیان پێ بکەم لە پێش هەموو شتێکدا پێمخۆشە ئیشارە بکەم بە ئەمنییەتی کۆنگرە و سەرکەوتن و کۆتایی هاتنەکەی بەخێر و خۆشی و سڵامەتی. ئەو مەسەلە لەو ڕوانگەوە بۆ ئێمە زۆر گرینگە کە ئێمە ئاگادار بووین ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێران چەند مانگ پێش بەستنی کۆنگرەکە زۆر بەدیقەت چاوەدێری دەکرد بۆ کات و شوێنی کۆنگرە تەنانەت پێم خۆشە عەرزتان بکەم کە لە ڕۆژەکانی ئاخردا کە هەموو شتێک ئامادە ببوو، ئێمە مەجبور بووین لەژێر فشاری ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی و مەترسی وهەڕەشەکانی ویدا شوێنی کۆنگرەمان بگۆڕین و بیگوازینەوە؛ ئەوە بوو بە هۆی ئەوەیکە دوو، سێ ڕۆژ کۆنگرەکەمان لەو ڕێکەوتەی کە ڕامانگەیاندبوو وەدوا کەوت، بەڵام ئەو سەرکەوتنە لەباری ئەمنییەتییەوە لانیکەم دەسکەوتێکی گەورە بوو و ئەزموونێکی بەهێز بوو.

ئەو ئەزموونە بریتی بوو لەوە کە هەموو ئەوانەی لە کاروباری کۆنگرەدا تێدەکۆشان وفەعال بوون هەوڵیان دا و توانیان شوێنی کۆنگرە و کاتی کۆنگرە بە نهێنی ڕابگرن؛ سپاسی هەموو ئەو خۆشەویستانە دەکەم کە لەپێوەندی لەگەڵ ئەو مەسەلە گرینگەدا و پاراستنی کۆنگرەکەمان هەوڵی زۆریان دا، هەموو ئەو کادر و پێشمەرگانەی کە وەکوو نوێنەری کۆنگرە بەشدار بوون، ئەو کادر و پێشمەرگانەی کە وەکوو پارێزەری کۆنگرە بەشدار بوون تەنانەت بنەماڵەکانی کەمپی جێژنەکانی حیزبی دێموکرات کە لەو ماوەیەدا کەڵکیان لە کەرەستەی تێکنیکیی وەکوو تەلەفوون و ئینتێرنێت وەرنەگرت.

ئەو ئەزموونە بۆیە گرینگ بوو کە پێمان دەڵێ ئێمە ئەگەر بەو شێوەیە هەموومان پێکەوە کار بکەین، دەتوانین لەهەموو بوارەکاندا پێشکەوتن و سەرکەوتن وەدەست بێنین، بێجگە لەوە کۆمەڵێک زۆر لە خەڵک کاریان کرد و زەحمەتیان کێشا بۆ ئەوەیکە کۆنگرەکەمان بە ڕێکوپێکی بەڕێوە بچێ.

جیا لەمانەش ئەو کادر و پێشمەرگانەی کە پارێزەر بوون لە ماوەی چەند شەو و چەند ڕۆژەدا کە کۆنگرە بەردەوام بوو لەژێر باران و سەرما توانیان کۆنگرەکەمان بپارێزن. بەرپرسانی ئاسایش و پێشمەرگەی ئاسایشی حکوومەتی هەرێم، ئۆرگانە پێوەندیدارەکانی کاری کۆنگرە، بنەماڵەکانی کەمپی جێژنەکان، کۆمەڵێک لە کادر و پێشمەرگەکان کە ئەرکی خزمەتگوزاری دیکەیان هەبوو وەکوو ئاشپەزەکان و ئەوانەی کە ڕاننەگیان دەکرد هەموویان دەستیان دا بە دەستی یەک و بوونە هۆی سەرکەوتنی کۆنگرەکەمان.

خاڵێکی دیکە لە سەرکەوتنەکانی کۆنگرە ئاستی بەرزی باسەکانی ئەندامانی کۆنگرە بوو؛ من کە لە ڕابردوودا لە کۆنگرەکانی حیزبدا بەشدار بووم، بە وردبوونەوە لەو باس و بابەتانەی کە نوێنەرانی کۆنگرە هێنایانە پێشێ بێجگە لەویکە گەڵاڵەی پێشنیاری بۆ کۆنگرەیان دەوڵەمەندتر کرد، لەم باسانەشدا بەشێوەی بەرچاو بەشدارییان کرد کە بریتی بوون لە ڕاپۆرتی سیاسی کۆمیتەی ناوەندی، بەرنامە و پێڕەوی نێوخۆ و گەڵاڵەی ئاڵوگۆڕ لە پێکهاتەی سیاسی حیزب کە بە ئاستی بەرزی باس و لێدوانەکانیان دەوڵەمەندتریان کردبوو.

خاڵێکی دیکە کە لێرەدا دەمهەوێ ئیشارەی پێ بکەم دەنگ هێنانەوەی ژمارەی ئەندامانی ژن بوو کە بەنیسبەت و موقایسە لەگەڵ کۆنگرەکانی دیکەماندا زۆر بەرچاو بوو؛ ئەگەر لە کۆنگرەی پێشووماندا بۆ ۲۰ نەفەر لە ڕێبەرایەتی حیزب دوو نوێنەرمان هەبوو لە نێو ژناندا، لەو کۆنگرەیەدا لە ۱۰ نوێنەر کە هەڵبژێراون دوو نوێنەرمان هەیە؛ یانی دەرسەدی ژنان کە هەڵبژێراون ۲۰ دەرسەدە؛ هەرچەند بە گشتی ئەوە جێگەی ڕەزامەندی نییە بەڵام بە نیسبەتی بەشداریی ژنان و نیسبەتی هەڵبژاردنەکان، هەنگاوێک بەرەو پێشەوەیە کە جێگەی خۆشحاڵیە.

من لێرەدا دەمهەوێ ئیشارە بەو واقعیەتە بکەم کە هەڵسووڕان و فەعالیەتی نوێنەران و ئەندامانی ژنی بەشدار لە کۆنگرە لە پێوەندی لەگەڵ ئەو باس و بابەتانەی کە لە کۆنگرەدا دەهاتنە بەرباس جێگەی دڵخۆشی بوو؛ بۆیە ئەمن دەڵێم حەقی خۆیان بوو لەوە زیاتریش دەنگیان بدرێتێ، بەڵام هەر ئەوە کە لەو بوارەدا هەنگاوێک چووینەتە پێشێ بۆ ئێمە جێگەی دڵخۆشییە؛ هیواداریین ئەو هەنگاوە ڕێگەخۆشکەر بێ بۆ هەنگاوەکانی دیکەمان لە کۆنگرەکانی دیکەدا.

خۆشەویستان، بە بۆچوونی من سەرکەوتنێکی گەورە و نوێی دیکەی حیزبی دێموکراتی کوردستان لەو کۆنگرەیەدا، پێکهێنانی ئاڵوگۆڕ لە سیستم و پێکهاتەی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێراندا بوو؛ گەڵاڵەی ئاڵوگۆڕ لە سیستم و پێکهاتەی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران ماوەی زیاتر لە دوو ساڵ بوو لە نێو ڕێبەرایەتی و بەدەنەی حیزبەکەماندا کەوتبووە بەر لێدوان و قسە لێکردن، بە جیاوازی بیر و بۆچوونەوە، ئێمە توانیمان لە ڕێبەرایەتیدا بە تەوافوق بگەین بۆ ئەوەیکە گەڵاڵەیەک کە لەو پێوەندییەدا پێشکەش کرابوو، ببێتە گەڵاڵەی کۆمیتەی ناوەندی و لە نیهایەتدا لە کۆنگرە پەسند بکرێ.

ئەو مەسەلەیە لە دوو جەهەتەوە تازە بوو و سەرکەوتنی پێوە دیار بوو: یەکەم ئەوە کە ئێمە وەک حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران توانیمان ئەو زەرفیەت و لێهاتوویی و پێگەیشتووییە لە نێو کادر و پێشمەرگە و ئەندامی ڕێبەرایەتی خۆماندا ببینین کە دەتوانین بە بوونی جیاوازیی بیر و بۆچوون لە سەر مەسەلە تەشکیلاتی و سیاسییەکانی گرینگی حیزبی بە تەوافوق بگەین و بە قازانجی حیزبەکەمان گەڵاڵەکە دەوڵەمەندتر بکەین.

خاڵی دووهەم کە دەمهەوێ ئیشارەی پێ بکەم هەر لەو بوارەدا ئەوە بوو کە حیزبی دێموکرات وەکوو حیزبێکی پێشکەوتووی ئەوڕۆیی و سەردەمیانە، لە دوای ئەو هەنگاوانەی کە شەهیدی گەورەمان دوکتور قاسملوو لە ساڵانی کۆتایی چل و سەرتاکانی پەنجادا گەڕایەوە عێراق و بە نووسینی بەرنامە وپێڕەوێکی

نێوخۆ توانی حیزبی دێموکرات لەو پەرتەوازییەی لە زەعفی تەشکیلاتی و سیاسەتدا هەیبوو، دووبارە ڕۆحێکی نوێی پێ ببەخشێ و حیزبی دێموکرات بگەیێنێتە ئاستێکی نوێ لە بەرزی و پێشکەوتن. لەو دەمەوە تاکوو ئێستا یەکەم گەڵاڵەیە کە ئاڵوگۆڕ لە پێکهاتەی سیاسی و تەشکیلاتی حیزبی دێموکراتدا پێک دێنێ؛ لە سەر بنەمای ئاڵوگۆڕی سەردەمیانە کە بریتیە لە دابەشکردنی دەسەڵات وەکوو ئەسڵێکی گرینگی دێموکراسی لەو سەردەمەدا.

لەم سەردەمەی ئێستادا کە قەبزەکردنی دەسەڵات لە لایەن حکوومەتەکان و کردووە، بە دەرکی ئەو ئاڵوگۆڕانە و زەرووڕەتی خۆتەتبیقدان لەگەڵ ئاڵوگۆڕەکان هەنگاوی پێویستی هەڵگرتووە، هەنگاوێک کە ئەو حیزبە هەماهەنگ بکا لەگەڵ ڕاسانی ڕۆژهەڵات، ڕۆژهەڵاتێکی نوێ کە ئێمە دەمانهەوێ بیکەینە چەقی خەبات، ڕۆژهەڵاتێک کە دەبێ ببێتە کانگای خەبات بە دژی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی بۆ بە دەست هێنانی مافی ئازادی و بەختەوەری خەڵکەی خۆی. ئاڵوگۆڕێک کە لەوێدا خەڵک بە چەقی خەبات دەزانێ و شاخ کە بریتی بێ لە پێشمەرگە، پشتیوانی ئومێدی حیزبەکەمان. بە دیالۆگی دێموکراتیانە توانیمان ئەو ئامانجە بپێکین، ئێمە مافی خۆمان بوو هەر کامێکمان موخالیف و موافق لە سەر ئەو گەڵاڵەیە قسە بکەین و قسەمان کرد. ئەمن زۆر جار لەو پرۆسەی زەمانییەدا باسم کرد کە هەمووی ئەوانەی لەسەر ئەو گەڵاڵەیە قسە دەکەن و نەزەر دەدەن بە موخالیف وموافق هەمووی لە ڕووی دڵسۆزیی و دیتنەوەی باشترین ڕێگەکانە بۆ بەرەو پێشبردنی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران. .ئێستاش لەسەر ئەو باوەڕەم بۆیە ئەوانەی کە موخالیف بوون لەگەڵ ئەوانەی بوو، ناوەندی سیاسی وەکوو ناوەندێکی بڕیاردان و یاسادانان، یەکەم هەنگاو بوو لە ماوەی دەیان ساڵی ڕابردوودا لە ناوەندی بڕیاردان ژنان ئەکسەریەتیان بە دەست هێناوە بە موقایسە لەگەڵ کۆنگرەکانی ڕابردوومان؛ بێجگە لەوە بۆ یەکەم جارە ناوەندی سیاسی ئۆرگانێکە کە کەسانی بە توانا و شارەزا و پسپۆڕ و لێهاتوو لەنێو ئەندامانی کۆنگرەدا توانیان خۆیان کاندید بکەن و دەنگ بێننەوە هەر چەند کادر و پێشمەرگەی تەواو وەختی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران نەبوون، ئەوە یەکەم هەنگاوی گەڵاڵەکە بوو قەتیس نامێنێتەوە؛ خەباتی ئێمە خەباتێکی خوێناوی سەخت و دژوارە لە بەرامبەر ڕێژیمێکی دواکەوتووی کۆنەپەرست کە گەورەترین دوژمنی کوردە لە هەموو دنیادا، بۆ ئەوەی خەباتەکەمان لە بەرامبەر ئەو ڕێژیمەدا بەرینە پێشێ پێویستیمان بە هێز و توانای هەموو خەباتکار و ئازادیخوازێکە نەک تەنیا لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەڵکوو لە هەموو بەشەکانی کوردستان.

پێمخۆشە ئەوش ئیزافە بکەم کە بە لەبەرچاوگرتنی زەرورەتی هاوکاری و کاری هاوبەش و موشتەرەک لەگەڵ حیزبەکانی ئۆپۆزیسیۆنی و ئەندامان و لایەنگرانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران چ ئەوانەی کە لەو ماوەیەدا لە سەر گەلاڵەی ئاڵوگۆڕ لە حیزبی دێموکراتدا بە موخالیفەت قسەیان کردوە چ بە موافقەت، ڕابگەیێنم من خۆم بە لێپرسراوی گشتی هەمووی ئەو حیزبە دەزانم بە هەموو بیر و بۆچوونە جیاوازەکانەوە.

باوەشی من ئاوەڵا دەبێ بۆ هەموو ئەو خۆشەویستانەی کە ئامادەن لەو بوارەدا و لەو ڕێگایەدا کار دەکەن و تێکۆشان دەکەن. من دەستی یارمەتی و کار و تێکۆشان بۆ یەک یەکی ئێوە درێژ دەکەم

**”ئەو حیزبە، حیزبی ئەو خەڵکەیە چیدیکە حیزبی دێموکرات لە چوارچێوەی ژمارەیەک کادر و پێشمەرگەدا قەتیس نامێنێتەوە؛ خەباتی ئێمە خەباتێکی خوێناوی سەخت و دژوارە لە بەرامبەر ڕێژیمێکی دواکەوتووی کۆنەپەرست کە گەورەترین دوژمنی کوردە لە هەموو دنیادا، بۆ ئەوەی خەباتەکەمان لە بەرامبەر ئەو ڕێژیمەدا بەرینە پێشێ، پێویستیمان بە هێز و توانای هەموو خەباتکار و ئازادیخوازێکە نەک تەنیا لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەڵکوو لە هەموو بەشەکانی کوردستان.“**



**”سەبارەت بە خۆم وەکوو پێشمەرگەیەکی ئەو حیزبە پێمخۆشە ئەوە لێرە ڕوو لە کادر و پێشمەرگە و ئەندامان و لایەنگرانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران چ ئەوانەی کە لەو ماوەیەدا لە سەر گەلاڵەی ئاڵوگۆڕ لە حیزبی دێموکراتدا بە موخالیفەت قسەیان کردوە چ بە موافقەت، ڕابگەیێنم من خۆم بە لێپرسراوی گشتی هەمووی ئەو حیزبە دەزانم بە هەموو بیر و بۆچوونە جیاوازەکانەوە.“**

لە لایەن سیستمە دواکەوتووەکانی مەنتەقە شەڕ و ئاژاوە و وێرانی و کوشتار و برسیەتی پێکهێناوە، حیزبی دێموکرات هەنگاوێکی نوێی هەڵگرتووە، ڕەنگە ئەو هەنگاوە نوێیە ئامانجی هەمووی ئێمە نەبێ بەڵام دەروازەیەکی نوێی کردۆتەوە بە ڕووی ئاڵوگۆڕی ئەساسی و بونیادیدا کە هیوادارم ئێمە لە بڕگەی زەمانی نێوان کۆنگرەی ١٦ تاکوو ١٧، نەک هەر کەموکوڕییەکانی ئەو گەڵاڵەیە دیسان بە تەفاهووم و بەلێک نێزیک بوونەوە بتوانین چارەسەر بکەین و بیبەینە پێشی، بەڵکوو لە کۆنگرەکانی دیکەدا چەند هەنگاوێکی دیکە لە دابەشکردنی دەسەڵاتدا بچینە پێش.

من لەو باوەڕەدام کە ئەو هەنگاوەی حیزبی دێموکرات دەبێتە نووقتە گۆڕانێک لە مێژووی حیزبی دێموکراتی کوردستان ئێراندا، بۆیە هەموومان شانازی دەکەین بەوەیکە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران دەرکی بە زەروریات و پێویستییەکانی سەردەم، ئاڵوگۆڕەکانی مەنتەقە و ناوچە، ئاڵوگۆڕەکانی ئێران و کوردستان لە هەموو بەشەکانیدا شارە؛ شار و شاخ یەکتری تەکمیل دەکەن و پێکەوە بەرەو ئازادی کوردستان هەنگاو دەنێن. ئەگەر لە سیستمی پێشووی حیزبەکەماندا هەموو دەسەڵاتەکان لەبەر دەستی یەک ئۆرگان یان یەک ناوەند کە ئەویش کۆمیتەی ناوەندیدا بوون، ئیستا لانیکەم دەسەڵات دابەش بووە لە بەینی دوو ناوەندا، لە نێوان دوو ئۆرگاندا: یەکێکیان ناوەندی سیاسییە کە ئەرکەکەی دانانی یاسای پێ سپێردراوە، هەموو ئەو یاسایانەی کە حیزبی دێموکرات کاری پێ بکا ئۆرگانەکانی چاوەدێری و هەڵبژاردن کە لەژێر نەزەراتی ئەودا کار دەکا ئەرک و وەزایفی خۆی بەڕێوە دەبا، ناوەندی دووهەم دەستەی کارگێڕییە کە کارە ئیجراییەکانی حیزب لەژێر ڕێنوێنی ئەو یاسایانەدا کە ناوەندی سیاسیی تەنزیمیان دەکا و ئیبلاغی دەکا بەڕێوەی دەبات.

ئێمە لە حیزبی دێموکراتدا وەک پێشتر ئیشارەم پێ کرد بەحسێکی دوور و درێژمان بووە لە پێوەندی لەگەڵ لێک نیزیک کرنەوەی بیر و بۆچوونەکانمان لە سەر ئەو سیستمە، بۆ ئەوەی ببێتە گەڵاڵەیەکی جێگای کە موافق بوون پێکەوە هەوڵیاندا بۆ ئەوەیکە ئەو گەڵاڵەیە بە ڕەخنە گرتن، بە پێشنیاردان دەوڵەمەندتر بێ، ئێستاش ئەو گەڵاڵەیە بەخۆشییەوە بووەتە بەرنامەی کاری حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە کۆنگرەی شازدەیەمدا.

ڕێنوێنی کاری هەموومانە بە موافقین و موخالیفینەوە، بۆیە ئەمن ئەو توانایە لە حیزبی دێموکراتدا دەبینم کە هەموومان پێکەوە دەس بدەینە دەس یەک بۆ بەرەو پێشبردنی ئەو بەرنامەیە؛ بێگومان لە پرۆسەی بەکردەیی کردنی ئەو گەڵاڵەیەدا کۆسپمان دێتە پێش، چوونکە ئەزموونێکی نوێیە، بەڵام کۆنگرە ڕێنوێنی داوە بۆ ئەوەیکە چۆن بتوانین لەو بڕگە زەمانییەدا کێشەکانمان چارەسەر بکەین و ڕێگەی بەرەو پێشچوونی هەنگاو بە هەنگاو خۆش بکەین.

هاوڕێیانی خۆشەویستم، ئێمە کاتێک دەتوانین بڵێین سەرکەوتنەکەمان تەواوە کە بتوانین بە کردەوەش ئەو بەرنامەیە بەڕێوە بەرین، یەکەم هەنگاوی سەرکەوتنی ئەو گەڵاڵەیە دابەشکردنی دەسەڵات کە دەرگەی ئاوەڵا کرد بۆ کەسانی شارەزا و بە توانا بۆ ئەوەی بێن لە بەرەو پێشبردنی حیزبەکەیاندا بەشدار بن، ئەوە سەرەتای هەنگاوێکە کە ئەو حیزبە دەیهەوێ هەموو ئەو کەسانەی لە ئەندامان و لایەنگرانی حیزبن، تەنانەت خەڵکی غەیری حیزبی، بەڵام دێموکرات و ئازادیخواز بێنێتە ڕیزی حیزب و لەژێر چەتری حیزبدا کۆیان کاتەوە بۆ ئەوەیکە یارمەتیدەر بن خەباتی کورد لە ڕۆژهەڵاتدا بەرنە پێشێ.

ئەمن هیوادارم کە هەموومان جارێکی دیکە پێکەوە بتوانین بە هێز و توانای خۆمان، کە هێز و توانایەکی زۆرە لە کۆنگرەی داهاتوودا شاهیدی سەرکەوتنی زۆر گەورەتر و خوڵقاندنی ئیدە و بەرنامەی زۆر زیندووتر و سەردەمیانەتر بین. من گومانم تێدا نییە کە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران و خەباتکارانی ڕۆژهەڵات، زەرفیەتی زۆر لەوە زیاتریان هەیە؛ ئێمە باوەشیان بۆ دەکەینەوە، ئەو حیزبە، حیزبی ئەو خەڵکەیە چیدیکە حیزبی دێموکرات لە چوارچێوەی ژمارەیەک کادر و پێشمەرگەدا کوردی ئێران، لەگەڵ حیزبەکانی ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانی کۆنگرە هەموو کۆسپ و تەگەرەیەکی لابردووە. دەستی ناوەندی سیاسی ئازاد کردووە هەر کات بە قازانج بزانێ لەگەڵ ئەو لایەنانە بتوانێ هاوپێوەندی پێک بێنێ؛ کاری هاوبەش بکا و لە نیهایەتدا بگاتە پێکهێنانی بەرە بۆ خەباتی گشتیترو بە جەماوەریتر کردنی خەبات لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا؛ بە گشتی ئەگەر کورتی کەمەوە، قسەکەم ئەوەیە کە هەموومان ئەندامان ولایەنگران و پێشمەرگە و کادرەکانی حیزبی دێموکراتی کۆردستان ئێران دڵخۆشین بەوەیکە ئەو کۆنگرەمان بە سەرکەوتنی تەواوەوە کۆتایی هات، بەڵام سەرکەوتنی نیهایی کاتێکە کە وەکوو عەرزم کردن هەموومان پێکەوە ئەو ئەرکانەی کە کۆنگرە خستوویەتە سەر شانمان، هەر کامە و بەپێی توانای خۆمان بیبەینە پێشێ و دڵنیام هەموو ئەو ڕێگایانەی کە ئێمە هان دەدا بۆ ئەو شێوە لە خەباتە لە پێشی دەگرین.

سەبارەت بە خۆم وەکوو پێشمەرگەیەکی ئەو حیزبە پێمخۆشە ئەوە لێرە ڕوو لە کادر و پێشمەرگە وهیوادارم و موتمەئینم هەر وەکوو لەو کۆنگرەیەدا بە دەنگێکی زۆر وڵامی موسبەت بەو ئاڵوگۆڕە دراوە ئێوەش هەر ئەو جوابە بدەنەوە. هاوڕێیان با لە ئاڵوگۆڕ نەترسێین، ترس و نیگەرانی لە چەقبەستویی، لە ڕازی بوون بە وەزعی مەوجوود و قانع و شوکرانە بژاردن بەو ژیانە کە هەمانە، ئێمە شۆڕشگێڕین، شۆڕشگێڕ دەبی ئاڵوگۆڕ پێک بێنێ مانای شۆڕشگێر یانی پێکهێنانی ئاڵوگۆڕ، ئاڵوگۆڕ بەرەو پێشەوە بەرەو سەرکەوتن، ئەرکی ئیمە بەرو پێشچوون و بەرەو سەرکەوتنە .

هیوادارم ئەو کۆنگرە پڕ دەسکەوتە، ببێتە سەرەتای دەسپێکی نوێ لە سەرکەوتنی حیزبەکەمان، لە سەرکەوتنی خەباتی گەلەکەمان لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست و ببێتە نموونەیەک لە دابەشکردنی دەسەڵات لە کار و تێکۆشان و ئیرادەی بەهێز، لە خزمەت بە ئامانجەکانی گەل و نیشتمانەکەماندا.

هەر سەرکەوتوو بن، ساغ وسڵامەت بن و موەفەق بن لە کار و تێکۆشان لە خزمەت حیزبەکەماندا، زۆر سپاسی هەموو لایەکتان دەکەم.

ماموستا حەسەن شیوەسەڵی

# دیسیپلینی ئاگاهانە بۆ دەروپەیکەری دەخنکێنیت، بێ مەسئوولییەتی لەناو دەبا، لە عەینی حاڵدا توندڕەوی و تیژڕەوی مەهار دەکا




هاوسەنگەرانی خۆشەویست؛
خۆشک و برایانی هێژا؛
تێکۆشەرانی ڕێگای ئازادی؛
پڕ بە دڵ سڵاوتان عەرز دەکەم

ساڵها بوو من لە دیداری ئێوە مەحرووم بووم؛ ساڵها بوو دڵم بۆ لای ئێوە لێی دەدا، لە دانیشتنەکاندا، لە خەونەکانمدا، هەمیشە لە یادی ئێوەدا بووم، مەبەستم ئەوە نییە کە خوا نەخواستە ڕیابازی لە حزووری ئێوەدا بکەم؛ کە دەچوومە نێو خەونەکانمەوە ڕاست دەگەڕامەوە بۆ لای پێشمەرگەکان، ڕاست دەبوومەوە ئینسانێک کە ساغە، سڵامەتە لە وڵاتی خۆیدایە، لە کوردستاندایە، لەگەڵ پێشمەرگەکان، لەگەڵ کادرەکان، لەگەڵ خەڵکی وڵاتەکەمان قسان دەکەم دەیاندوێنم، دەمدوێنن، لێک تۆڕە دەبین، بەگژ یەکتردادێین جارجارە، بەڵام پاش لێک تووڕە بوون و بە گژیەکترداهاتن، دەچینەوە نێو سەنگەرێک، پشتمان بە پشتی یەکەوەیە، لە بەرامبەر هێرشی دوژمنەکاندا ڕادەوستین؛ سەدان جار، هەزاران جار ئەو خەونەم دیوە، پێشم وابوو ناتوانم بێمەوە لە نیزیکەوە گوێم لە ئێوە بێ، گوێم لە دەنگی پێڵاوەکانتان بێ، گوێم لە دەنگی هەناسەکانتان بێ، بەڵام ئێستا خۆ سەیریش نییە ئەگەر پێم وابێ هەر خەونە و نەهاتوومەوە؛ ئێستا باوەڕ بەوەی دەکەم کە ئەمن بە جیددی بە جەستە لەنێو ئێوەدام نەک بە خەیاڵ، ئەوە بۆ من سەربەرزییەکی زۆر گەورەیە.

لێرەدا ئەمن شانازی زۆر دەبینم؛ دیارە هاتن بۆ کۆنگرە بۆ من شانازییەکی زۆر گەورەیە و لە ڕۆژانی ئاخریشدا کە کلسووم نەخۆش بوو، خەریک بوو لێمان تێکچێتەوە، بەڵام نایشارمەوە گوتی: "ئەگەر بشمرین هەر دەچینەوە ئەمنیش تەسلیمی بووم". هاتینەوە بۆخزمەت ئێوە، کۆنگرەی شازدەیەمی حیزبی دێموکراتی کوردستان ئێران گیرا و بە سەرکەوتوویش گیرا، بە سەرکەوتووانە. بەش بە حاڵی خۆم دەمزانی سەرکەوتوو دەبێ، بەڵام ئەو ئەندازەیە ئینتیزارم نەبوو، پێم وانەبوو ئێمە تا ئەو حەدە دەتوانین لەگەڵ یەکتر دابنیشین لەگەڵ یەکتر کێشە بکەین جەڕ و بەحس بکەین، بە گژ یەکتردابێین، بەرۆکی یەکتر بگرین لە سەر مەسەلەکان؛ بەڵام تا ئەو ئەندازە ئێمە بە تەفاهووم بگەین، ئەو تەفاهوومە جێگەی ڕێز و قەدرزانی یەکجار زۆرە بۆ من، لەوێشدا عەرزی هاوڕێیانم کرد ئەو تەرحە، تەرحێک نییە تاوان بووبێ یان گوناح بووبێ، دانی تەرح ئەرکی سەرشانی هەر حیزبێکی سیاسی و مەسئوولە و حیزبی ئێمەش ئەو ئەرکە قورسەی خۆی بەجێ گەیاندووە، ئەو وەزیفەی سەر شانی خۆی بەجێ گەیاندووە، ئیسکلێتی حیزبی ئێمە ئیسکلێتێکی سوننەتی بوو. دەیان ساڵ بوو نەک دەیان ساڵ بەڵکوو لە تەواوی تەمەنی خۆیدا حیزبی ئێمە بەو ئیسکلەتبەندییەوە هاتبوو، ئێستا ئەو ئیسکلێتەی گۆڕیوە زاهیرەکەی گۆڕیوە و ڕواڵەتەکەشی کە گۆڕیوە ناوەرۆکەکەشی دەگۆڕین. دڵنیام، ئەوەی بۆمن جێگای زۆر شانازیی بوو، تەحەمولی هاوڕێیانی ئێمە بوو، ئەقڵیەتی هاوڕێیانی ئێمە بوو؛ ئەمن لەمێژە لەگەڵ حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران ئاشنام، دوکتور قاسملوو کە هاتەوە لە ساڵەکانی کۆنگرەی ۳دا و کۆنگرەی ٤دا هەوڵی جیددی ئەوە بوو کە ئەخلاقی سیاسی واریدی حیزب بکا، نایشارینەوە هێندێک هاوڕێمان لێی هەڵبەزینەوە، بەڵام دیسان ئەوانیش بە تەحەممولەوە کەوتنە ژێر ئەو تەئسیرە و حیزبی ئێمە توانی بەو ڕێگایەدا بڕوا؛ هاوڕێی نەمرمان دوکتور قاسملوو پێی وابوو کە ئەخلاقی سیاسی بە تەنیا، بێ مەنتق، بێ حیکمەت، بێ فەلسەفە و بێ لێکدانەوە ناتوانێ بەڕێگەدا بڕوا. حیزبی ئێمە ئەو مەسەلانەی هەموو تاقی کردووە، ئەخلاقی سیاسی پیادە کرد، باسی سانترالیزمی دێموکراتیکی کرد، دیسیپلینی نوێی داهێنا، دیسپلینێک کە لەگەڵ ئاگاهی تێکەڵ بوو و ڕۆیشتە پێشێ.

ئەمن لەو کۆنگرەیەدا ئەو دیسیپلینە ئاگاهانەم بە چاوی خۆم دیت، دیتم کە دیسیپلینی ئاگاهانە بێ دەر و پەیکەری دەخنکێنیت، بێ مەسئوولییەتی لەناو دەبا، لە عەینی حاڵدا توندڕەوی، تیژڕەوی ئەوانە مەهار دەکا، ئەمن بە چاوی خۆم لەو کۆنگرەیەدا ئەو شتانەم بە ڕوونی دیت، ئەوەیکە بۆ من زۆر زۆر جێی شانازی بوو تەحەمولی یەکجار زۆری هاوڕێیان بوو بە نیسبەت نەزەری موخالیفی یەکتر، ئەمن ئەو عەقڵانیەتە بەرزەم دیت، ڕیابازی نەبێ لەعنەت لە ڕیاباز، عەقڵیەتی حیزبی خۆمانم بە چاوی خۆم دیت هەر لە خوارێرا هەتا سەرێ ئاگاهییەکی یەکجار زۆرم دیت، تەفاوتێکی یەکجار زۆرم دیت و نەک دەتوانم پێی بڵێم سەرکەوتن و تەرەقی بەڵکوو وەکوو جەهشێک دەیبینم، جەهشێکی زۆر بە توانا، بازدان بە سەر زۆر مەسەلەدا، تێپەڕ بوون بە سەر زۆر شتی نالەباردا، گەیشتن بە فکرێکی بەرز، بۆرجێکی بەرز لە فکری پێشکەوتوو، من بە دڵەوە ئەوانە دەڵێم. هومێدی زۆرم بۆ درووست بوو؛ من هەرگیز پێش هاتن بۆ کۆنگرە ئەو هومێدە بەرزەم تێدا نەبوو کە بەو ئەندازە ئەمن لە پێشمەرگەی سادەڕا بگرە هەتا ئاخیری بەو ئەندازە ئاگاهی ببینم و بینیم، تا ئەو ئەندازە ڕوشدی کردووە. من عەقڵیەتێکی دیکە لێرەدا دەبینم ئەویش عەقڵیەتی پێکەوەسازان، پێکەوەژیان و لەگەڵ یەکتر هەڵکردنە، ئێمە لێرەدا هێندێک هاوڕێی دیکەمان هەیە، هاوسەنگەری کۆنمان هەیە کە لەگەڵ ئەوان لە پەنای یەکتر دەژین بەڵام دیتم لەگەڵ یەکتردا چۆن بەرخورد دەکەن، چۆن دۆستانە لەگەڵ یەکتر هەڵدەستن و دادەنیشن، خۆیان وەکوو یەک بنەماڵە حیساب دەکەن، خۆیان وەکوو یەک هاوسەنگەر حیساب دەکەن، لەگەڵ ئەوەشدا کە کێشەیان لەگەڵ یەکتر هەیە، ئیختلافی نەزەریان لەگەڵ یەکتردا هەیە، ئەوە بۆ من جێگای شانازییەکی یەکجار زۆر گەورەیە، من بەش بە حاڵی خۆم ئەوەیکە پێم گرینگ بوو، مەسەلەی ئیدامەدانی ڕاسان بوو، زۆرمان لە سەر ڕاسان باس کرد، زۆریشمان باس کردووە ناچینەوە سەر ئەو شتانەی کە لە ڕابردوودا بوون و کووتومانە.

ڕاسان گەرایەک بوو کە لەو زۆڵکانانە، زۆڵکانەکانی دەشتی کۆیەوە زۆر بە بێ مرادی و بەهەناسە ساردی وبە بێکەسی چەکەرەی دایەوە، ڕۆی پێ هەڵگرت، ملی لە بیابانەکان نا و لە بیابانەکان رۆشدی کرد؛ بەڵام ئەو بیابانانە بوونە پردێک لە نێوان چیا و شارەکاندا، ڕووناکبیرانی شارەکان ئەو فکرەیان تەحویل وەرگرت تەتەڵەیان کرد، لێکیان دایەوە، هەڵیان گرت، لەگەڵیان برد بۆ دەرەوەی شارەکانی کوردستانیش گەیشتە تاران، ئیسفەهان، قۆم و شیراز لە هەمووی قسەی لەسەر کرا؛ گەڕایەوە بۆ کوردستان و بە شێوەیەکیتر، خەستتر، خەست و خۆڵتر، لەبارتر و مەنتقیتر؛ دوایش گەڕایەوە باوەشی حیزبی ئێمە.

لە ڕاساندا قووربانی زۆر گەورەمان داوە بەڵام ئەو قووربانیانە پەیامی زۆر گەورەیان بە دنیا دا، پەیامی زۆر گەورەیان بە هاوسەنگەرانی ئێمە دا، ڕێگایەکی تازەیان بۆ ڕوون کردینەوە. ڕاستە لە دەستمان دان، بەڵام وەکوو ڕەوە کۆترێک بوون کە بە ڕاستی لە شەقەی باڵیان دا و ڕێگایەکی دیکەیان لە ئاسمانەکاندا کێشا. ئەو ڕێگایەی ئێمە دەکەوێتە سەر شانمان ئیدامەی بدەین. ئیدامەشی دەدەین دیارە خوێن و فرمێسکی دەوێ وەکوو لەوێش عەرزم کردن بەداخەوە ڕاسان، ئاشێکە کە بەخوێن دەگەڕێ، بە فرمێسک دەگەڕێ، بە ئارق دان دەگەڕێ، من هیوادارم خوێنمان تێدا نەڕژێ، بەڵام ئەگەر خوێنیشمان تێدا بڕژێ، ئەگەر هەمووومان لەبەین بچین، ئەگەر زیانی زۆرتریشمان لێ بکەوێ، دیسان ئەو ڕاسانە ئیدامە دەدەین، چوونکە ئەو ڕاسانە، بە ئیستراتیژیەت دەزانم، کە ئەو ئیستراتیژیە بەرە و هەدەفەکانی ئەسڵیمان ڕادەکێشێ. ڕێگامان بۆ ڕوون دەکاتەوە بۆ ئەوەی بەرەو ئازادی و سەربەستی یەکجاری بڕۆین. سەرکەوتنی گەورەمان وەدەست هێنا، لە حیزبدا سکرتێرمان هەڵبژاردەوە، ڕێبەرێکی تازەمان هەڵبژاردەوە، ناوەندێکی تازەمان هەڵبژاردەوە. دەسەڵاتمان دابەش کردووە، بە کردەوە دەسەڵات دابەش دەکرێ وهیوادارم ئەو هاوڕێیانەش لە ناوەندی سیاسی، لە ناوەندی بڕیاردان کار بکەن بە کردەوە وەختی خۆیان سەرفی ئەوەی بکەن کە بە جیددی، بە عەمەلی، لە مەیدانی عەمەلدا، ئەوەی وەک تیۆری لە کۆنگرەدا بە ئێمە دراوە، وەکوو پراکتیک بیبەنە پێشەوە، دڵنیاشم دەیبەنە پێشەوە.

هاوڕێیانی خۆشەویستم؛ نایشارمەوە زۆر جاران ڕۆژهەڵاتی کوردستانی ئێمە سەری بێ کڵاو دەمێنێتەوە؛ بەڵام ڕۆژهەڵات ئەو ئێنێرژی و توانایەی تێدایە کە بە ڕاستی وڵامدەری مەسەلەکان بێ. جارێکیان سکرتێری حیزبەکەمان باسی ئەوەی کرد گووتی کۆمەڵگای ئێرانێ دەکوڵێ، ڕاست بوو زۆر درووست بوو، کۆمەڵگای ئێرانێ دەکوڵێ، ئێستا قوڵتێکی چکۆڵەی داوە بەڵام ئەو قوولتە، قوولتی دیکەی بەدوادا دێ. دوژمنان با دڵ بەوەی خۆش نەکەن کە ئەوە نەخێر تەواو بوو خەڵاس بوو، کۆتاییمان پێ هێنا هەر وەکوو بۆ خۆشم گوێم لێبوو پێیان وایە ئەوە تازە هەموو شتێکیان خاشبڕ کردووە تەواو بوو؛ بەڵام وا نییە ئاگرێکی زۆر گەورە لە بن ئەو ژێلەمۆیە دایسێ، ئەو ئاگرە دێتەوە سەر عەرز، ئەو ئاگرە دەبێتە ئاگرێکی زۆر گەورە بە گژ زۆردارانی مێژوودا دەچێتەوە، بە گژ ئاخوندەکاندا دەچێتەوە، بە گژ جادوگەرانی مێژوودا دەچێتەوە؛ دڵنیام گەلانی ئێران سەرکەوتوو دەبن و ئەو حەرەکەتە دەبێتەوە حەرەکەتێکی تازەتر و شکڵ دەگرێتەوە، ناوەڕۆکی دیکە دەگرێتەوە، ئێمە با خۆمان بە بچووک نەزانین پێم خۆشە لە سەر ئەو مەسەلەی زۆر پێ دابگرم، بۆخۆم زۆر جار لە ڕاست زۆر مەسەلەی بچووکدا خۆم بە بچووک زانیوە، بەڵام ئیشتباهم دەکرد لە نێو هاوڕێیانیشدا ئەو ڕۆحیە دەبینم، کە خۆیان بە بچووک دەزانن؛ جارجار ناحەقیشییان نییە چوونکە میللەتێک لە توولی تاریخدا سەرکووت کرابێ، هەڵدرابێ، زەوقی شکێندرابێ، لە زەوقی درابێ، دڵشکاو کرابێ، بە ڕووبار خوێنی لەبەر ڕۆیشتبێ، ناحەقی نییە خۆی بە کەم بزانێ، بەڵام با ئێمە خۆمان بە کەم نەزانین، بەتایبەتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان نابێ خۆی بە کەم بزانێ، حیزبی دێموکراتی کوردستان نابێ خۆی بەکەم بزانێ، خۆشی بە کەم نازانێ. ڕاستە ئێمە پەرتەوازە بووین، ئەو پەرتەوازەییە تەئسیری لە سەر ئێمە داناوە، بەڵام هەر چەندێکی ئێمە کەم بینەوە دیسان لە معادلەی داوڕۆژدا ئێمە هەین، هیچ کەس ناتوانێ و بۆی ناکرێ لە معادلەی داوڕۆژدا ئێمە وەکوو بەشێکی معادلە حیساب نەکا، بەڵام ئەرکی ئێمەیە کە بتوانین سەهممان هەبێ، هەموو هەوڵەکانی ئێمە دەبێ ئەوە بن کە ئێمە سەهممان لە داوڕۆژی خۆماندا هەبێ. مەبەستم داوڕۆژی، دوای ڕووخانی جمهوری ئیسلامییە.

زۆر چاکم لەبیرە کاک دوکتور قاسملوو هاتەوە، بەشێک لە هاوڕێیانی ئێمە کەمتەرخەمیان کرد با بۆخۆشم بڵێم. ئەوەی کاک دوکتور دەیهەویست بۆ گەڕانەوە بۆ نێو وڵات جێبەجێ نەبوو. دوایە هاتەوە و سەپاندی و کۆمیتەی زاگرۆس پێک هات، ڕۆیشتینەوە ئێرانێ، کە ڕۆیشتینەوە بە ڕاستی عەرزتان دەکەم عەیب نییە درەنگ بوو، بۆ ئێمە تۆزێک درەنگ بوو بەڵام فریای کەوتینەوە، بە هیمەتی ئەو خەڵکەی توانیمان جێگای خۆمان بکەینەوە لە نێو میللەتی خۆماندا. دوای ماوەیەک پێکەوە لە خزمەتیدا دانیشتبووین فەرموویان بە قسەتان نەکردم ئەگەر دوو ساڵ پێشەوە هاتباینەوە ئینقلابی ئێرانێ هی ئێمە بوو .ئیستاش دەڵێم ئەگەر ئێمە فریا نەکەوین لە شۆڕشی داوڕۆژی گەلانی ئێراندا ئێمە سەهممان کەم تێدا دەبێ، ئەگەر ئێمە ئێستا لەسەر ئەو بەرنامانەی کە داماننناوە، پێشبینیمان کردووە حەرەکەت بکەین لە داوڕۆژدا سەهمێکی زۆر زۆر گەورەمان دەبێ. ئێمە ئەوەی بە غەنیمەتێکی یەکجار زۆر بزانین، بە فۆرسەتی بزانین، کە ئێستا مەوجوودیەتمان هەیە جێگاییکمان هەیە کە لێی چەقیوین جێگاییکمان هەیە کە دەتوانین لێی دەرباز ببین بڕۆین بۆ مەیدانێکی دیکە بۆ قۆناغێکی دیکە، قۆناغ بە قۆناغ بپێوین و ئەزموون بەدەست بێنین بۆ ئەوەی بگەینە قۆناغی یەکجاری. من لێرەدا سەرکەوتنی کۆنگرەی شازدەیەمی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بە فرسەتێکی زۆر گەورە دەزانم، بە بۆرجێکی تازەی دەزانم بۆرجێکی بەرزی بەرین.

دووپاتی دەکەمەوە زۆر جار کووتومانە، ئەگەر هەڵەکانی یەکتر نەبینین، خەڵکانمان نەبینین، زیانەکانمان نەبینین، کۆسپی سەر ڕێگامان نەبینین، باری باش و خراپی قەزییەکانمان نەبینین؛ نە ئێمە نە حیزبی دێموکرات ناتوانی ڕۆڵی مێژوویی خۆی بگێرێت، ڕۆڵی ئەساسی ئێمە لەوەدایە لەگەڵ یەکتر تەفاهووم بکەین، دابنیشین کێشە بکەین هەڵڵا بکەین بەڵام پشتمان بە پشتی یەکترەوە بێ، هاوسەنگەری ڕاستەقینەی یەکتر بین، لەگەڵ یەکتر بین، دڵنیام لەگەڵ یەکتریش دەبین بەو عەقڵیەتەی کە عەرزم کردن ئێمە دەتوانین بگەینە زۆر جێگا. ئەو عەقڵیەتە عەقڵیەتێکی یەکجار زۆر بەرزە و ئەمن پڕ بە دڵ پیرۆزبایی لە هاوڕێیانی خۆم دەکەم، جارێکی دیکەش کە لەگەڵ ئەو هەموو ئیختلافی نەزەرە، لەگەڵ یەکتر دانیشتن و کێشەکانیان چارەسەر کرد، ئێمە ئاوا توانیمان بە تەفاهووم بگەین. لە کۆنگرەدا زۆر کەسانی شایستە هەڵبژێردران؛ دیارە موومکینە هێندێک ئینسانی شایستەش لەوێدا کەوتبنە جێگایەکی دیکە کە ئەمن هیوادارم ئەوانیش هەر بمێننەوە ودڵنیاشم هەر دەمێننەوە. سیاسەتە و جارجارە ئینسان تێدەکەوێ، مەتلووبی ئێمە نابێ، جارجارە بە خیلافی نەزەری ئێمە دەڕوا و ئەوەیکە لێرەدا جێی شانازییە بۆ من و شانازی پێوە دەکەم مەسەلەی خوشکانە کە هاتنەوە، سەهمیان هەیە لە قودرەتەکەیدا لە دەسەڵاتی ئێمەدا بەشیان هەیە، دەتوانن بچنە پێشێ، دەتوانن نەزەریان هەبێ و ڕێی ڕوونکەرەوەی خوشکانی دیکەش بن و دەستی خوشکانی دیکەش بگرن بیانهێنن بۆ مەیدانی خەبات؛ دیارە بە خۆشییەوە لە داخڵی وڵاتیشدا ئەوەندەی من بیبینم خەڵکێکی یەکجار زۆر پێگەیشتووە. لە نێو خۆشکانیشدا ئینسانی زۆر خوێندەوار و زۆر فیداکار درووست بوون تەنانەت لە دەرەوی وڵاتیشدا ئەمن سەرم سووڕ دەمێنێ چۆن توانیویانە ئەو ژنانە، ئەو خوشکانە بەو مەرتەبەیە بگەن؛ لێرەش دەبینم کە بە ڕاستی بە دەرجەیەکی عالی گەیشتوون ئەمن هیوادارم کە هەموو لایەکی ئێوە سەرکەوتوو بن و هیوادارم جارێکی دیکەش فۆرسەتی ئەوەی بێتەوە پێشێ، ئەمن بۆ خۆم بە خانەوادەم باوەش لە گردنی بەرزی ئێوە بدەمەوە. سەبارەت بەو خەڵاتەی کە بە کلسوومی درا، پێم وایە بە من دراوە، ئەمنیش لەسەر سەری دادەنێم و پێشکەشی دەکەمەوە بە هەموو بنەماڵەی شەهیدان، بە هەموو شەهیدانی کوردستان، بێ جیاوازی، بێ فەرق و بەتایبەتی پێشکەشی دەکەم بە شەهیدانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و وەکوو یادگارییەکی گەورە لە نێو خانەوادەی ئێمەدا تا هەین دەمێنێتەوە، وەک شتێکی پیرۆز دەیپەرەستین. من دەس لە باوەشی ئێوە دەکەمەوە، تەشەکورتان دەکەم، داوای لێبووردنتان دەکەم کە بڕێک زیاد لەحەد ئەزیەتم کردن، وەختم گرتن، زۆر زۆر سپاستان دەکەم، سڵاو بۆ گەلی کورد و بۆ ئێوە.

# ڕاپۆرتی کاروباری کۆنگرەی ١٦ی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران




**کوردستان**

کۆنگرەی شازدەهەمی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لەژێر ناوی "ڕاسانی ڕۆژهەڵات" لە کەشوهەوایەکی ئەمنییەتی و هەستیاردا بەڕێوە چوو.

کۆنگرەی ١٦هەمی حیزب ڕۆژی سێشەممە ١ی ڕەشەمەی ١٣٩٦ی هەتاوی، بەرانبەر بە ٢٠ی فێورییەی ٢٠١٨ی زایینی، دەستی بە کارەکانی کرد و پاش چوار ڕۆژ کاری بەردەوام، لە شەوی هەینی لەسەر شەممە ڕێکەوتی ٤ی ڕەشەمە بە سەرکەوتووییەوە کۆتایی بە کارەکانی هێنا.

کۆنگرەی شازدەهەمی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، بە هۆی مەترسیی و هەڕەشەکانی کۆماری ئیسلامیی ئێران، لە بارودۆخێکی هەستیار و کەشوهەوایەکی ئەمنییەتی بەڕێوە چوو، لەبەر ئەوەی کە ماوەیەکی زۆر بوو، ڕێژیمی ئیسلامیی ئێران پیلانی بۆ زەبروەشاندن و پەکخستنی ئەم کۆنگرەیە هەبوو و بەردەوام لە هەوڵی ئەوەدا بوو کە لە شوێن و کاتی کۆنگرەکە ئاگادار ببێتەوە، بەڵام بە هۆشیاری هەموو کادر و پێشمەرگەکان و ئەندامانی حیزب ئەو ئاواتەی ڕێژیم نەهاتە دی و کۆنگرە لە فەزایەکی ئەمن و ئارامدا کارەکانی بە کۆتایی گەیاند.

لەم کۆنگرەیەدا هەر وەک لە کۆنگرەکانی دیکەدا باو بووە، چەندین دروشمی دێموکراتیک، نەتەوەیی و دادپەروەرانە کە دەرخەری سیاسەت و هێڵی فکری حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بوون، لە هۆڵی کۆنگرەدا بە شێوەیەکی بەرچاو هەڵواسرابوون.

لە کۆنگرەدا سێ کورسی بۆ هاوڕێیانی شەهید "چەکۆ ڕەحیمی"، "کاوە جەوانمەرد" و "هێمن مەولانژاد" کە ئەندام و نوێنەری کۆنگرە بوون، دانرابوون کە بە مەبەستی ڕێزگرتن و یادکردنەوەیان بە دەستەگوڵ ڕازێنرابوونەوە.

کۆنگرە بە سروودی نەتەوەیی "ئەی ڕەقیب" و خولەکێک بێدەنگی و بەپێوە ڕاوەستان بۆ یاد و ڕێزی سەرجەم شەهیدانی کورد و کوردستان و ڕێگای ئازادی و دێموکراسی دەستی پێکرد. پاشان هاوڕێی بەڕێز "حەسەن شەرەفی" بەرپرسی کۆمیتەی ئامادەکاریی کۆنگرەی ١٦هەم ڕاپۆرتی کاروباری کۆنفرانسەکانی پێش لە کۆنگرەی پێشکەش بە نوێنەرانی کۆنگرە کرد؛ دوای ئەوەیکە ڕاپۆرتەکە پەسەند کرا، لە لایەن نوێنەرانەوە دەنگ بۆ ڕەوایی کۆنگرە درا و کۆنگرە بە شێوەی فەرمی کەوتە دۆخی بەڕێوەچوونی ئەو بەرنامانەی کە لە دەستووری کاری کۆنگرەدا دیاری کرابوون.

لە پێوەندیی لەگەڵ ئەو بەرنامەیە، پێش هەموو شتێک داوا کرا لە تێکۆشەر و کەسایەتی ماندوویی نەناسی حیزب و نەتەوەکەمان "مامۆستا مەلا حەسەن شیوەسەڵی"، کە وتاری کردنەوەی کۆنگرە پێشکەش بە نوێنەران بکات. بەڕێزیان لە وتارەکەیدا ئاماژەی بە دۆخی ناوچەکە و شوێنی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە بەستێنی خەباتی کوردستانی ڕۆژهەڵات کرد و یەکیەتیی نێو ماڵی کورد و یەکریزیی نێو بنەماڵەی گەورەی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانی بە پێویستییەکی گرنگ و حاشاهەڵنەگر زانی، ئەم پەیامە بە گەرموگوڕییەکی بێوێنەوە پێشوازی لێ کرا.

دواتر لە بەشێکی دیکەی کاروباری کۆنگرەدا، ڕاپۆرتی سیاسیی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دێموکرات لە لایەن بەڕێز "مستەفا هیجری"یەوە سکرتێری گشتیی حیزبەوە پێشکەش کرا. لەم ڕاپۆرتەدا لەسەر دۆخی سیاسیی و ئاڵوگۆڕەکانی جیهان و هەڵوێستی وڵاتە زلهێزەکان و هەروەها کاریگەرییان لەسەر شێواز و ڕەوتی ڕووداوەکانی ناوچە و بەتایبەت ئێران و پرسی نەتەوەی کورد بەگشتی، شرۆڤەیەکی سیاسییانە کرابوو، هەروەها بە وردی تیشکی خستبووە سەر بشێوییەکانی ناوچەکە و دەوری سەرەکیی و تێکدەرانەی ڕێژیمی ئێران لەم ئاڵۆزییانە و فەزای سیاسی و خەباتی خەڵکی ئێرانیش بۆ بەدەستهێنانی ئازادی و مافە ڕەواکانی خۆیان لە ڕابردوو و ئەم دواییانەدا باسیان لێ کرابوو.

لە بەشیکی دیکەی ئەم ڕاپۆرتەدا دۆزی کورد لە سەرجەم بەشەکانی کوردستان بەو شێوەی کە بوونی هەیە باسیان لێ کرا و لەسەر یەکریزیی و هاوکاریی بەرفراوانی خەباتکارانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و لایەنە سیاسییە کوردییەکان بەگشتی پێداگری کرا و بۆ گەیشتن بەم ئامانجە ڕێکاری هاوکاریی و مکانیزمی گونجاو پێشنیار کرا و داوا لە لایەنە سیاسییەکان کرابوو بۆ گەیشتن بە تەبایی نەتەوەیی هەموو لەمپەرەکان لەسەر ڕێگا بسڕنەوە، خاڵی گرنگی ئەم بەشە ئەوە بوو، کە هەتا یەکگرتنەوەی یەکجاری، بەشداریی و بوونی "هاوڕێیانی پێشوو" لە هەر هاوپەیمانەتی و بەرەیەکی نێوان هێزە کوردی و ئێرانییەکان نەبێتە بەربەست و بەشداری نەکردنی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لەو بەرە و هاوپەیمانەتییانە.

بەشێکی بەرچاو و گرنگی ئەم ڕاپۆرتە لەسەر خەباتی شار و شاخ واتە "ڕاسان" بوو، کە بۆ درێژەدان و بەردەوامیی ئەم شێوازە خەباتە لە لایەن نوێنەرانی کۆنگرە پێشنیار و تێبینیی جۆراجۆر پێشکەش کرا و زۆربە بە دڵسۆزییەوە لەم باسە گرنگە بەشدارییان کرد.

سەرئەنجام ئەم ڕاپۆرتە پاش تاوتوێ کردنێکی بەپیت و دەوڵەمەند لە لایەن بەشدارانی کۆنگرە، بە زۆرینەی دەنگ پەسەند کرا.

بەشی دیکەی کار و چالاکییەکانی کۆنگرە باس و تاوتوێ کردنی گەڵاڵەی پێشنیارکراوی کۆمیتەی ناوەندیی حیزب هەڵبژێردراوی کۆنگرەی ١٥هەمی حیزب سەبارەت بە گۆڕینی پێکهاتەی حیزب بوو، ئەو گەڵاڵەیە کە جەوهەرەکەی لەسەر بنەمای دابەشکردنی دەسەڵات و بایەخدان بە سیستمی تەشکیلاتیی نێوخۆیی حیزب داڕێژرابوو، زیاتر لە ساڵێکە بە هۆی گرنگی و بایەخە تایبەتییەکەیەوە کەوتبووە بەر دەستی ئەندامانی حیزب و پاش پێداچوونەوە و ئاڵوگۆڕی نوێ لە خاڵ و بابەتەکانیدا لە دوایین پلینۆمی حیزب بە زۆرینەی دەنگی ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندی پەسەند کرا و وەکوو گەڵاڵەی پەسەندکراوی کۆمیتەی ناوەندی پێشکەش بە کۆنگرەی ١٦هەمی حیزب کرا، ئەم گەڵاڵەیە لە لایەن نوێنەرانی کۆنگرەوە بە تێروتەسەلی تاوتوێ کرا و پاش ڕاپرسی و گۆڕینی بیروبۆچوونەکان بە زۆرینەی دەنگی نوێنەران وەکوو پێکهاتەی نوێی حیزب پەسەند کرا.

پاشان بەرنامە و پێڕەوی نێوخۆیی حیزب بە ڕەچاو کردنی پێکهاتەی نوێی حیزب، کە لە لایەن هەیئەتی ئامادەکردنی بەرنامەو پێڕەو بە بەرپرسیارەتیی کەریم پەرویزی ئامادە کرابوو، لە لایەن بەشدارانی کۆنگرە شرۆڤە کرا و دوای باس و لێکدانەوەیەکی زۆر و پڕنێوەرۆک و لەبەرچاوگرتنی تێبینی و پێشنیارە گونجاوەکان بە زۆرینەی دەنگ بەرنامەو پێڕەوی نێوخۆیی حیزبیش پەسەند کرا.

بڕگەی دیکەی کاری کۆنگرە دیاریکردنی لیژنەی هەڵبژاردن و بەڕێوەبردنی هەڵبژاردنەکان بوو، بۆ جێبەجێ کردنی ئەم کارە لیژنەیەکی سێ کەسی لە ئەندامانی کۆمیتەی ئامادەکاریی کۆنگرە بە مەبەستی چاودێریی بەسەر ڕەوتی هەڵبژاردنەکان دەستنیشان کران، هەروەها ژمارەیەک لە نوێنەران وەکوو هاوکار لەو بەشە ئەرکیان پێ ئەسپێردرا.

ئەم لیژنەیە سەرەتا هەڵبژاردنی بۆ لێپرساوی گشتیی حیزب بەڕێوە برد و لە کۆتاییدا هاوڕێی تێکۆشەر کاک "مستەفا هیجری" وەکوو لێپرساوی گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، بە زۆرینەی دەنگ هەڵبژێردرا.

هەر لەم پێوەندییەدا لیژنەی هەڵبژاردنی کاری هەڵبژاردنی ئەندامانی ناوەندی سیاسی بەڕێوە برد و لە نێو بەربژێرەکاندا ئەو ڕێژەیەی کە کۆنگرە بۆ ناوەندی سیاسی دیاری کردبوو لە چوار خولی هەڵبژاردندا، هەڵبژێردراوەکانی ڕاگەیاند، کە لەم ژمارەیە ڕێژەی ژنانی هەڵبژێردراو بۆ ناوەندی سیاسی لە چاو کۆنگرەکانی پێشووتر کە ژنان بۆ کۆمیتەی ناوەندی خۆیان دەپاڵاوت، بەرز بوونەوەی بە خۆیەوە بینیبوو.

هەروەها لە ماوەدای نێوان کارەکانی کۆنگرەدا کۆمسیۆنەکانی سکاڵا و بڕیارەکانی کۆنگرە ئەرکەکانی خۆیان بە شێوەیەکی گونجاو بەڕێوە برد و ئەنجامی کارەکانیان بە کۆنگرە ڕاگەیاند.

لە نێوان بڕگەکانی کۆنگرەدا لیست و ناوی ئەو حیزب و لایەنە سیاسییە بیانی، ئێرانی و کوردستانییانەی کە پەیامیان بۆ کۆنگرە ناردبوو، لە لایەن کۆمسیۆنی پەیامەکانی کۆمیتەی ئامادەکاریی کۆنگرە بە ئاگاداریی بەشداربووانی کۆنگرە گەیشت و هەروەها ڕیزی ئەو پەیامانەی کە کۆنگرە بۆ لایەنەکانی پێویستی دەنێرێت، ڕاگەیەندرا.

بەم شێوەیە کۆنگرەی شازدەیەمی حیزبی دێموکراتی کوردستان، شەوی ٤ی ڕەشەمەی ١٣٩٦ی هەتاوی سەرکەوتووانە کۆتایی بە کارەکانی خۆی هێنا.

# کۆنگرەی ڕچەشکێنی ١٦هەمی حدکا

**جەماڵ فەتحی**




ئەگەرچی لە دەسپێکی هەر ئاڵوگۆڕێک دڕدۆنگییەک دروست دەبێت، ئەمە ڕەوتێکی سروشتییە و تایبەت بە هیچ ڕێکخراو و دەستەیەکی دیار نییە، بابەتێکی گشتییە و تایبەت بە هەموو کۆمەڵگایەکی مرۆییە؛ ئاڵوگۆڕەکان بە دڵخوازی تاک بە تاکی کۆمەڵگا تەواو نابێت و ناکرێت تاکەکانیش چاوەڕوانی ئەوە بن، کە گۆڕانکارییەکان هەموو ئامانجەکان بپێکێت، ئەگەر لە سەرەتای ئەم ڕەوتە هەڵوێست گرتنێک هەبێت، ناچێتە خانەی دژایەتی کردنێکی ڕووخێنەرانەوە، بەڵکوو لە ڕوانگەیەکی دیکەوە دەبێت ئەو بابەتە لێک بدرێتەوە، ئەویش ئەوەیە چۆن گۆڕانخواز ئەو مافە بە خۆی دەدات کە پشتیوانی لە پرۆسەکەی بکات، دەبێ ڕێگا بە دوودڵانیش بدات داکۆکی لە بیرۆکە و بۆچوونی خۆیان بکەن.

هەر ڕێکخراوەیەک بەپێی هەلومەرج و دۆخێک کە تێیدایە، پێویستە لەگەڵ ئاڵوگۆڕەکان خۆی بگونجێنی و پێکهاتە و شێوازی کارەکەشی جۆرێک ڕێک بخات، کە لە کاروانی گۆڕانکارییەکان جێ نەمێنێ. لە سەردەمی ئێستەدا کە بە سەردەمی گۆڕانکارییە خێراکان ناسراوە، ئەگەر هەر مرۆڤ، ڕێکخراوە و کۆمەڵگایەک هەست بەوە نەکات کە پێویستی بە پێداچوونەوەی هەڵە و کەموکوڕییەکانییەتی، لە چاوتروکاندنێکدا بە قەد دەیان ساڵ وەدوا دەکەوێت و بۆ گەیشتن بەو ئاستە دەبێت وزە و کاتێکی زۆر بەکار بهێنێت هەتا قەرەبووی ئەو دواکەوتووییانە بکاتەوە.

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران کە یەکەمین حیزبی مودێڕنی کوردییە و لەسەر دەستی وەها حیزبێکیشدا یەکەمین قەوارە و کیانی سەردەمیانە و مودێڕن بە ناوی کۆماری کوردستان دامەزراوە، بەردەوام لە لایەن ئەندامانی ڕێبەری و کادر و پێشمەرگە و تەنانەت کەسانێک کە خۆیان بە دڵسۆزی ئەو حیزبە دەزانن، هەوڵی ئاڵوگۆڕی سیاسەت و شێوازی خەباتی بۆ دراوە، چونکە ئەم حیزبە هەر لە بناغەوە لەسەر عەقڵیەتی گۆڕانکاری و ڕچەشکێنییەوە دامەزراوە؛ خودی دامەزرانی ئەم حیزبە یەکەم هەنگاوی بنەڕەتی لەم پێوەندییە بووە و هەتا دێت هەر ئەو هەستە لە نێو ئەندامانی ئەم حیزبە هەستیارتر و قووڵتر چەکەرە دەکات.

> **حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران کە یەکەمین حیزبی مودێڕنی کوردییە و لەسەر دەستی وەها حیزبێکیشدا یەکەمین قەوارە و کیانی سەردەمیانە و مودێڕن بە ناوی کۆماری کوردستان دامەزراوە، بەردەوام لە لایەن ئەندامانی ڕێبەری و کادر و پێشمەرگە و تەنانەت کەسانێک کە خۆیان بە دڵسۆزی ئەو حیزبە دەزانن، هەوڵی ئاڵوگۆڕی سیاسەت و شێوازی خەباتی بۆ دراوە، چونکە ئەم حیزبە هەر لە بناغەوە لەسەر عەقڵیەتی گۆڕانکاری و ڕچەشکێنییەوە دامەزراوە.**

لە مێژووی حیزبی دێموکراتدا، قۆناغ نەبووە کە هەنگاو بۆ گۆڕین و ئاڵوگۆڕ هەڵنەگیرابێت، یەکێک لەو هەنگاوە گرنگانەی کە بەرچاو دەکەوێت هێنانی بەرنامەیەکی ئابووری بۆ داوڕۆژی کۆمەڵگا لەژێر ناوی "سووسیالیزمی دێموکراتیک" بوو، کە لە لایەن ڕێبەری زانا شەهید دوکتور قاسملوو هەر لە کۆنگرەی چوارەوە بە شێوەیەک کاری بۆ کرا، بەڵام بە شێوەی فەرمی لە کۆنگرەی شەشەوە لە نێو بەرنامە و پێڕەوی حیزبدا پەسندکرا. یەکێک لە خاڵە بەرچاوەکانی ئەم گۆڕانکارییە ئەوە بوو، کە هەم هێڵی سیاسیی حیزبی لە حیزبە ناسیونالیستە چەقبەستووەکان جیا دەکردەوە و هەم حیزبی بە دەست عەقڵیەتی ڕەهای کۆمۆنیستێکی پەراوێزکەوتوو ڕزگار دەکرد و هەمیش سەلمێندرا کە لە بەرنامەی حیزبدا ئازادی و دادپەروەریی کۆمەڵایەتی وەکوو یەک گرنگیان پێ دەدرێت و ئەو دادپەروەرییەی کە بەشێک لە حیزبە چەپەکان بە فاکت وەرگرتن لە ڕووسیە هەوڵی بۆ دەدەن، لە ڕوانگەی دوکتور قاسملوو و حیزبی دێموکراتەوە جیاوازی هەبوو و دادپەروەرییەک بوو کە لەگەڵ بارودۆخی کۆمەڵگەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان گونجاو و هاوتەریبە.

پاش کۆنگرەی هەشت و شەهید بوونی دوو ڕێبەری مەزن د. قاسملوو و د. شەرەفکەندی و هەروەها ڕزگار بوونی پارچەیەک لە نیشتمانی داگیرکراومان، حیزبی دێموکرات سەرەڕای ئەوەی کە ڕزگاری بەشێک لە نیشتمانی بە دەسکەوتێکی نەتەوەی دەزانی، لەبەر پاراستنی کیانی ساوای کورد لە باشوور ماوەی نزیک بە ٢٠ ساڵ لە خەباتی چەکداری دابڕا. ئەگەرچی ئەم بارودۆخە نەبووە هۆی ئەوەی کە بزووتنەوەی کورد لە ڕۆژهەڵات هەرەس بهێنێت، بەڵام تا ڕادەیەک لە نێوان حیزبەکان و بەتایبەت حیزبی دێموکرات بۆشاییەک لە کاروباری تەشکیلاتی و سەربازییان هەست پێ دەکرا. ئەم چاوەڕوانییە پاش لێکدانەوەیەکی زۆر و بە داخوازیی زۆرینەی خەڵکی ڕۆژهەڵات لە ئاڵوگۆڕێکی دیکە لە شێوازی خەبات بە ناوی "ڕاسانی ڕۆژهەڵات" خۆی نواند و لاپەڕەیەکی دیکە لە مێژووی پڕ لە سەروەری حیزبی دێموکراتی هەڵدایەوە، ئەم خەباتە کە زۆرێک لە بیرمەندانی سیاسیی وەکوو ڕێنسانسێک لە خەباتی نەتەوەی کورد شرۆڤەی دەکەن، چەندین ئامانجی سەرەکی هەیە کە دەکرێت ئاماژە بەمانە بکەین: ١. گرێدانی خەباتی شار و شاخ ٢. بە ناوەند کردنی شار وەکوو ناوەندی گرنگی خەبات، کە هەم ناوەندی زانیارییەکانە و هەمیش چینی ناوەڕاستی کۆمەڵگای تێیدا جێگیرن ٣. کەمکردنەوەی تێچووەکانی خەبات).

ئەم خەباتە کە بەرهەمی چەندین ساڵ بیرکردنەوە و لێکدانەوەی کەموکوڕییەکان بوو، پێویستی بە سیستمێکی نوێ بوو، کە بەپێی ئاڵوگۆڕە ناوچییەکان درێژە بە خەباتەکەی بدات، چونکە ئەو پێکهاتەی کە هەتا ئێستە حیزب کاروبارەکانیان پێی ڕاپەڕاندووە، سیستمێک بوو هەرچەندە لە کاتی خۆیدا کارا بووە و کاری پێ کراوە، بەڵام وڵامدەری دۆخی ئێستەی ئەو خەباتە و ئەو ئاڵوگۆڕانەی کوردستان و ناوچەکە نییە. هەر بەم بۆنەوە بیرۆکەی گۆڕینی ئەم پێکهاتە بۆ پێکهاتەیەکی گونجاو لە ئاستی ڕێبەری حیزب گەشەی کرد و بە داڕشتنی چەندین گەڵاڵە و تاوتوێ کردنی لە لایەن ڕێبەرایەتی و دواتر کادر و پێشمەرگەکان و ئەندامانی ئاشکرا و نهێنی حیزب و هەروەها دڵسۆزانی نەتەوەی کورد و حیزبی دێموکرات، لە کۆنگرەی ١٦هەمی حیزب بە بە زۆرینەی دەنگ یەکێک لەو گەڵاڵانە پەسەند کرا.

ڕەنگە ئەم گەڵاڵەیە لە سەرەتا هەموو ئامانجەکان نەپێکێت و هەموو ئاواتی ئەو کەسانەی کە چاوەڕوانی سەرکەوتنیان دەکرد، یان ئەو کەسانەی کە بە نیگەرانییەوە لە هەمبەریدا هەڵوێستیان دەگرت بەدی نەهێنێت، بەڵام بەر لە هەر شتێک گرنگ ئەوەیە کە نەریتی ترس و دڵەڕاوکێی لە نێو ڕێکخراو و حیزبە کوردییەکان بەتایبەت حیزبە ڕۆژهەڵاتییەکان ڕەواندەوە و سەلماندی کە گۆڕانکاری و هەبوونی بیری جیاواز هەمیشە نابێتە هۆی لێکترازان و شەقبوون، بەڵکوو بیری جیاواز و نیشانەکانی پرسیار لەسەر دۆخی هەنووکەیی و هەروەها لە پێشنیارە نوێیەکان بناغەیەکن بۆ گەشەکردنی زیاتر و خۆدەربازکردن لە دەست وەزعێک کە دڵخوازی هەموومان نییە، ئەم هەنگاوە ترس و دڵەڕاوکێیەکانی بۆ "هیوا بە دواڕۆژ" و "هەست بە بەرپرسایەتی زیاتر" گۆڕی.

یەکێک لەو خاڵانەی کە لەم کۆنگرە جیاوازەدا بەرچاوە، ئەوە بوو کە حیزبی دێموکرات پاش دەیان ساڵ هێندێ چەمک و دەستەوشەی گۆڕی کە گۆڕینی ئەو وشانە نیشانەی تێپەڕینە بەرەو قۆناخی دیکە؛ یەک لەوانە گۆڕینی ناوی "سکرتێر" بوو کە پاشماوەی ئەدەبیاتی حیزبە مارکسیستە ڕادیکاڵەکانی دەیەی ٦٠ بوو، کە لەگەڵ عەقڵیەت و بیری نەتەوەخوازیی تاکی کورد لە ئێستەدا گونجاو نییە. لە بری ئەم ناوە ناوی "لێپرسراو" پەسەند کرا، کە جیا لەوەی وشەیەکی ڕەسەنی کوردییە لە باری ناوەڕۆکیشەوە وشەیەکە کە خاکەڕا بوون و هەست بە بەرپرسایەتی کردنیشی لێ دەوەشێتەوە، واتە ئەو کەسەی کە لێپرسراوە، هاوکات لەگەڵ ڕاپەڕاندنی کار و ئەرکی حیزبی بە باشترین شێوە، دەبێت وڵامدەریش بێت. ئەمە جیا لە بواری سیاسی، هەوڵێکی ئەمەگناسانەیە بۆ بە خۆماڵی کردنی سیاسەت و بە ڕێکخراوەیی کردنی سیاسەتەکان بەپێی هەلومەرج و دۆخی کۆمەڵگای کوردستان، کە دەکرێت دێموکراسی و عەداڵەتی کۆمەڵایەتی و سێکۆلاریزم و هەموو ئەو چەمکانە کە حەزی هەموو تاکێکی کوردە خۆماڵی بکرێت و لە پتانسیل و وزەی هزری و فەلسەفی خۆمان بۆ بەرەو پێشچوونی خەباتەکەمان کەڵک وەربگرین.

# خۆپیشاندان لە نێو بەرداشی یارگیرییەکاندا



کەیوان دروودی

ڕەوتی ناڕەزایەتییەکانی ئەم دواییە، وادەنوێنێ کە خەڵک خۆی لە گەمەی نێو پێکهاتەیی ڕێژیم کشاندووەتەوە. ئەمە وەک خۆی مزگێنیدەری هاتنەکایەی دینامیزمێکی نوێیە بۆ تێپەڕبوون لە تۆتالیتاریزم. لە ئێستەدا ئەگەرچی بەروونی خەڵکی نێو جوغرافیای ئێران ئەوەیان دەرخستووە کە متمانەیان بە حاکمییەت نەماوە، بەڵام لەبەر نەبوونی بژاردەیەکی دیاریکراو لە پرشوبڵاوییەکدا بەسەر دەبەن. ڕوونە کە لە دۆخی پەڕینەوە(گذار) لە ڕێژیمی ویلایەتی فەقیهدا، لایەنی جیاواز بۆ مۆبیلیزەکردنی ئاپۆڕای خەڵک دێنە کایەوە و ئەمە لەخۆیدا بەپێی ڕێساکانی کایەی سیاسی جێی لۆمە نییە و میکانیزمی کاری سیاسیش هەر ئەوەیە، بەڵام کێشەیەکی هەرە گەورە کە لەم ڕەوتەدا زەق و بەرچاوە ئەوەیە کە خوێندنەوەکان بۆ ویستی خەڵک لە چوارچێوەی ئایدیۆلۆژییەکی بەرتەسکدا و بە ئاراستەیەکی نزیک لە تۆتالیتاریزمی خودی ڕێژیمدا دەچێ.

بەدیوێکیتردا گیانی قەبووڵی داخوازی و ئاراستەی جیاواز و ئامانج و دڵەڕاوکەی فرەجۆر لە نێو ئەو لایەنانەدا زۆر کزە. کێشەکە لە کوێدایە و چی پێشی بە بژاردەیەکی ئەوڕۆیی و ئالتێرناتیڤێکی دێمۆکراتیک گرتووە؟! یەکەم هۆکار بەروونی نەبوونی ئەزموونی دێمۆکراسییە کە شڵەژانێکی لەو نێوەدا پێکهێناوە و بە لەبەرچاوگرتنی بوونی پێشینەی فاشیزمی پاشایەتی و فاشیزمی مەزهەبی لە مێژووی هاوچەرخی ئێران، بەستێنێکی زۆر ئایدیال بۆ خستەڕووی بژاردەیەکی شیاو کە لە تەک ڕاستییەکانی نێو ئێران بێتەوە بوونی نییە. گەورەترین کێشەش هەر ئەم دوو ڕەوتە پێکیان هێناوە کە بە هیچ جۆرێک لە خوێندنەوەیاندا ڕێز لە پرەنسیپەکانی وەک: فرەچەشنیی لە ئاستی داخوازیی کۆمەڵایەتی، فرەپێکهاتەیی و مەوجوودییەتی گەلانی جیاوازی نێو ئێران، ئازادیی بیروبۆچوون، جیهانبینیی تاک و گرووپ و ڕێکخراو ناگیردرێ. ئەم دوو ڕەوتە کە لە زۆر خاڵدا یەکانگیرن لە هەمان کاتدا کە خۆیان لە بەرامبەر ئەویتردا پێناسە دەکەن، ڕێگەچارەیەک کە بەدروستی دەزانن ئەوەیە کە هەرجۆرە دابەشکارییەک لە دەسەڵاتدا لاوازبوونی پێگەی ئێرانی لێدەکەوێتەوە. بە دەربڕینێکی بەرهەست و سادە ئەمە بە واتای ئەوەیە کە دەرکەوتەی پێڕەوکردنی مەرج و بنەماکانی دێموکراسی تێکچوونی وڵاتێکە! ئەوانەی کە ناسیارییان لەسەر رابردووی ئێران هەیە بە باشی دەزانن کە پێشتر ئێرانی سەر کاغەزی ئەمڕۆ بریتی بووە لە چەندین یەکەی جیاواز کە لەژێر ناوی "ممالک محروسە"دا ناسراو بووە و بە پەرەگرتنی ناسیۆنالیزمی پشتبەستوو بە سڕینەوە و نکۆڵیی قەومی ڕەوتێک زاڵ بووە کە ئەم وێنا دەسکردە ئاراستەکراوەی لێکەوتووەتەوە. ئەم پرۆسەیە بە زەبری هێزی دەرباریی پاشایەتی جێبەجێکراوە، بە کۆتایی هاتنی پاشایەتی ئەرکی خۆی بە زەبری هێزی بەیتی ڕێبەریی ڕێژیمی تازە هاتوو دا و ئەوانیش بە پەردەپۆشکردنی لەژێر یەکەی "امت"ی ئیسلامدا قورساییان لەسەر شانی هەڵگرت. بەدەر لەم دوو ڕەوتە ئارکائیستە کۆنەگەرە کە بنەمای خوێندنەوەیان دەگەڕێتەوە بۆ یەک هەزارە و دوو هەزارە لەمەوپێش، ڕەوتێکیتریش هەیە کە لە کەلێنی سیاسەتی ئابووریی چەوتی ڕێژیمدا و بەلەبەرچاوگرتنی بەشداریی بەرچاوی چینەکانی خوارەوە لە ناڕەزایەتییەکان بە گەڕانەوە بۆ خەزێنەی بیری کۆمۆنیستیی رابردوو، ڕوانگەی خۆی وەک چارەسەری دۆخی هەنووکەیی دەخاتەڕوو و هەرجۆرە بیرێکیتر بە دوژمنی خۆی دەزانێت. لەم ناوەدا هەنێک ڕێکخراو و گرووپیتر هەن کە لە دێموکراسی وێرژێنی بەقسەی خۆیان ئێرانی دەخەنەڕوو کە زیاتر لە وێژەی سیاسەتدا بە دێموکراسیی بژاردەیی (گزینشی) ناسراوە؛ بۆ نموونە خوازیاری حکوومەتی سێکۆلارن بەڵام لەسەر بوونی ئیرادەی گەلان لە نێو ئەم حکوومەتە سێکۆلارەدا دوڕدونگن! زەبری هەرەگەورە کە ئەم لایەنانە لە داهاتووی دەدەن ئەوەیە کە متمانە لە نێو کۆمەڵانی خەڵکدا کزتر و وێنای داهاتووی پێکەوەژیان خەوشدارتر دەکەن. ئەگەرچی ئەم بزووتنەوە کۆمەڵایەتییە نوێیە بەهێزترە لەوەی کە ببێتە پاشکۆی هەرکام لەمانە بەڵام دەبێ ئەوە لەبەرچاو بگرین کە پێشینەی کێبەرکێی سیاسیی نێو ئێران، جێگە بە ڕمبازێنیان لە داهاتوودا دەدات. بۆیەش پێکهێنانی هاوسەنگییەک کە لە بەرامبەر هەموو ئەمانە و ڕەوتەکانی هاوشێوەیان قورسایی بێت و ڕابوەستێ شێوەگرتنی بەرەیەکی بڕوامەندە بە پڕەنسیپە دێمۆکراتیکەکان کە ئەگەرچی ژمارەیان کەمە بەڵام بە پشتبەستن بە هاتنەکایەی پارادیمی فرەچەشنی و دابەشکاری لە دەسەڵات کە لە داهاتوودا بەهێزتریش دەبێ، دەتوانێ کار بۆ دەربازبوونی خەڵک لەم بەرداشە بکرێ و هەروەها ڕێگە لە سەرەڕۆیی بگرێت. ئەم مەبەستە ئەگەرچی داڕشتنی لەسەر کاغەزیشدا سەختە لە هەمان کاتدا تاقە چارەسەرە کە دەتوانێ لاپەڕەیەکی نوێ لە پێشینەی دێموکراسی، پێکەوەژیان و پلۆرالیزم بەڕووی گەلانی وەزاڵەهاتوودا بکاتەوە.

هەروەها لە ئەگەری بوونی ئالتێرناتیڤێکی تەکووز و خاوەن پێگەی وا ،باڵانسی هێز دەگۆڕدرێت و ئەگەری سەرهەڵدانی هێزێکی سانتراڵی تۆتالیتێر لە داهاتوودا وێڕای گشت ئەو پووانانەی بەدەستیانەوەیە کەم و کەمتر دەبێت. جیا لەمانەش پلاتفۆرمێکی وا لەسەر بنەمای دابەشکاری لە دەسەڵات لە ئاستی پێکهاتەی سیاسی دەتوانێ پێشوەختە گەرەنتیی پێکەوەهەڵکردن و ئازادیی ڕادەربڕین، پلۆرالیزمی سیاسی و هەموو پێوەرە باوە دێمۆکراتیکەکان بکات و وزە بۆ خەبات و هیوا بەدواڕۆژ بۆ گەلانی مافخوراو بگەڕێنێتەوە؛ لەسەر ئاستی کۆمەڵایەتیش پێویستە ئەوە بزانین کە جێخستنی کولتوورێکی سەردەمیانە پێویستییەکی حاشاهەڵنەگری بە بوونی دەسەڵاتێکی فرەچەشنە کە نوێنەرایەتیی ئیرادەی جیاوازی پێکهاتە، گرووپ و ڕێکخراو بکات.

# پاژنەی ئاشیلی ڕێژیمی ئێران



ئەوید کەرەمی

کێشە و ناکۆکیی نێو باڵەکانی ڕێژیم، قەیران و دارمانی ئابووریی ئێران، ناکارامەیی و داماوی بەرپرسان لە وڵامدانەوە بە داخوازییەکانی خەڵکی ناوخۆی ئێران و گوشارە جیهانییەکان بۆسەر ڕێژیم، بە مەبەستی کشانەوە و وازهێنان لە دەستێوەردان و ئاژاوەنانەوە لە وڵاتانی ناوچە هەر ڕۆژ زیاتر و زیاتر کاربەدەستان و بەڕێوەبەرانی ئەو ڕێژیمە تووشی قەیران دەکات.

ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی ئێران کە لە ئاکامی شۆڕشی سەرتاسەری گەلانی ئێران دژ بە دەسەڵاتی ۲۵۰۰ ساڵەی شاهەنشاهی لە ئێران هاتە سەر کار، زۆر بە باشی لە هێزی خەڵکی نێوخۆی ئێران ئاگادارە، هەر بۆیە بە دەیان پیلانی نامرۆڤانە وەک، هەڵاواردنی ئایینی، مەزهەبی، ڕەگەزی و نەتەوەیی، و هەروەها پەرەدان بە بێکاری و هەژاری، بەردەوام هەوڵی نانەوەی دووبەرەکی و شەڕ لە نێوان پێکهاتەکانی ئێراندا دەدات، بە واتایەکی سادەتر سیاسەتی نێوخۆیی ئەو ڕێژیمە لە سەر بنەمای سیاسەتی پەرت کەو زاڵ بە (تفرقه بینداز و حکومت کن) دانراوە.

سەرهەڵدانە خەڵکییەکانی نێوخۆی ئێران و بەتایبەت سەرهەڵدانەکانی ساڵی ۱۳۸۸ی هەتاوی و هەروەها زستانی ئەمساڵ، ئەو ڕاستییەیان بۆ هەموو جیهان، خەڵکی ئێران و تەنانەت ڕێژیمی سەرکوتکەری کۆماری ئیسلامی ئێرانیش سەلماند کە ئەگەر خەڵکی ئێران یەکگرتوو و یەکدەنگ بن، هەرچەند ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی ئێران دڕندە و تا ددان موسەلەح بێت، هەرچەند بە دەیان و سەدان ملیشیای تیرۆریستی بە مەبەستی ئاژاوەنانەوە و شەڕدروست کردن لە ناوچە و لە سەرتاسەری جیهان دامەزراندبێ، لە بەرانبەر لەشکری ئازادیخوازانی نێوخۆی ئێراندا هیچی پێ ناکرێت و بە خێرایی تێک دەڕووخێت.

یەکێکی دیکە لەو تاکتیکانەی کە ڕێژیم بە مەبەستی پەراوێزخستنی قەیران و ناکۆکی و کەموکوڕییەکانی نێوخۆی ئێران بەردەوام کەڵکی لێ وەردەگرێت، دروست کردن و نانەوەی شەڕی نوێنەرایەتی لە دەرەوەی سنوورەکانی خۆی، وڵاتانێک وەک عێراق، سووریە، یەمەن، لوبنان و ... هتد، کە بتوانێت بە گواستنەوە و زەق کردنەوەی وێرانییەکانی ئەو شەڕانە بەردەوام خەڵکی ئێران لە ئاکامی هەرجورە شۆڕش و ناڕەزایەتییەک دژ بە ڕێژیم بترسێنێت، یان بە وێناکردنی ئەو شەڕانە وەک شەڕی نێوان ئیسلام و کافران، هاوسۆزی و پشتگیری خەڵکی ئێران بۆ بەشدار بوون و دەستێوەردانی خۆی لەو شەڕانە بەدەست بێنێت.

لوبنان کە یەکێک لە بنکەکانی ڕاهێنان و خۆتەیارکردنی تیرۆریستانی کۆماری ئیسلامی تەنانەت لە ساڵانی پێش سەرکەوتنی شۆڕشی گەلانی ئێران بووە، پاش هاتنە سەرکاری ئەو ڕێژیمەش بەردەوام شەڕی نێوان فلستین و ئیسرائیل لە لایەن کۆماری ئیسلامی ئێرانەوە گرینگی پێ دراوە و گرووپە تیرۆریستییەکانی وەک حیزبوڵڵا و حەماسی لوبنانی لە لایەن ئەو ڕێژیمەوە پشتگیری ماڵی و تەنانەت چەکوچۆڵی سەربازی کراون، ئێستا و بەتایبەت پاش بەهاری عەرەبی و هاتنی داعش بۆ ناوچەکە و دروست بوونی هاوپەیمانەتییەکی جیهانی دژ بە داعش، هێژمۆنی ڕێژیمی ئێران لە وڵاتانی وەک عێراق، سووریە، یەمەن و لوبنان بە ڕادەیەک زۆر بووە کە ڕیکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان، وڵاتانی عەرەبی، ئامریکا و بە تایبەت ئیسرائیل نگەرانی ئەو بارودۆخەن، کە مانەوە و بەهێزبوونی پێگەی ڕێژیمی ئێران لەو وڵاتانە بە سوودی پرۆسەی ئاشتی و هێمنی و تەناهی ناوچەکە نازانن.

پێشتر لە وتارێکمدا لەژێر ناوی "شەڕی ئێران و ئیسرائیل" بە وردی باسم لە بەهێزبوونی ئەگەری ڕوودانی تێکهەڵچوون و شەڕی نێوان ئێران و ئیسرائیل لەسەر شاری ئۆرشەلیم کردووە، بۆیە لەم بابەتەدا زیاتر جەخت دەخەمە سەر خاڵی لاواز و نوختەی شکستی ڕێژیمی ئێران.

بە سرنجدان بە هەڵسوکەوتی بەرپرسانی ڕێژیمی ئێران و چۆنیەتی کاردانەوەکانیان بەرانبەر بە خەڵکی ناڕازی سەر شەقامەکان وەک: بەند و بێسەروشوێن کردن، کوشتن و جورەها سزای دیکە، ئەو ڕاستییەمان بۆ دەردەکەوێت کە بەرپرسانی ڕێژیمیش زۆر بە باشی خاڵی لاوازی دەسەڵاتەکەی خۆیان دەناسن و ئەویش هێز و یەکگرتوویی خەڵکی ناوخۆی ئێرانە دژ بەو ریژیمە.

بۆیە سیاسەت و پیلان و بەرنامەکانی ڕێژیم لە وڵاتانی ناوچە وەک عێراق، سووریە، یەمەن و بەحرەین، لەو کاتەدا سەرکەوتوو دەبن کە ڕێژیم توانیبێتی هەرجۆرە دەنگێکی ناڕازی لە ناوخۆی ئێران کپ کردبێتەوە و جووڵانەوە و ناڕەزایەتی دەربڕینەکانی خەڵکی بنبڕ کردبێت.

ملیشیا شیعەکانی سەر بە سپای قودس، گرووپە تیرۆریستییەکانی وەک حیزبوڵڵای لوبنانی و حوسییەکانی یەمەنی و هەموو ئەو لایەنانەی دیکە کە گرێدراوییان بە ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی ئێرانەوە هەیە و لەلایەن ئەو ڕێژیمەوە پاڵپشتی دەکرێن، تا ئەو کاتە دەتوانن لە ڕەوتی شەڕخوازانە و ئاژاوەگێڕانەکانی خۆیان بەردەوام بن کە لە لایەن دەسەڵاتی تارانەوە پاڵپشتی و ساپۆرت بکرێن، واتە ئەگەر بە هەر شێوەیەک ڕێژیمی ئێران نەتوانێت لە پاڵپشتی کردنیان بەردەوام بێت، ئەو لایەنانەش پاش ماوەیەک یان شکست دەخۆن، یان ڕێگای دیالۆگ و ئاشتی دەگرنە بەر.

ئەمە ئەو هۆکارەیە کە بەردەوام وڵاتانی وەک ئامریکا، فەرانسە، ئاڵمان و ئیسرائیل و هەروەها وڵاتانی ناوچە وەک هاوپەیمانیەتی عەرەبی، داوا دەکەن تا ئێران واز لە دەستێوەردانەکانی لە ناوچە بێنێت و ئیزن بدات تا پرۆسەی ئاشتی لە ڕۆژهەلاتی نێوەڕاست بەرەوپێش بڕوات.

بەڵام لە لایەکی دیکەوە هەر وەک لە دێڕەکانی سەرەوەدا باسی لێوە کرا، ڕێژیمی ئێران کە بەدرێژایی تەمەنی خۆی، ساڵانە بە میلیۆنان دۆلاری لە زاری خەڵکی ئێران گرتۆتەوە و بە مەبەستی خۆشکردن و بەهێزکردنی جێ پێی خۆی لە وڵاتانی دیکە، بۆ ئەو لایەنانە سەرف کردووە، ئێستا وەک بەرپرسانی باڵای ڕێژیم بەردەوام دەیڵێنەوە کە زۆری نەماوە تا هەموو ئامانجەکانی شۆڕشی ئیسلامی مسۆگەر ببن، چۆن دەتوانێ چاو لەو هەموو دەسکەوتانەی خۆی ببەستێت و واز لە هەموو شتێک بێنێت و بکشێتەوە و شکستی خۆی قەبووڵ بکات، ئەدی پاش کشانەوە چ وڵامێکی بۆ ئەو بنەماڵانە دەبێت کە ڕۆڵەکانیان لە پێناو سیاسەتە گڵاو و چەوتەکانی ئەو ڕێژیمەدا لە وڵاتانی وەک عێراق، سووریە، بەحرەین، یەمەن، لوبنان و ... هتد، لە دەست داوە و چ وڵامێکی بۆ خەڵکی ئێران کە بە درێژایی ۳۹ ساڵە لە مافی شارۆمەندی خۆیان بێبەش کراون تا ڕێژیمەکەیان شۆڕشی ئیسلامی هەناردەی وڵاتانی دەرەوە بکات.

ڕاستە کە شەڕی نێوان ئێران و ئیسرائیل لەسەر ئۆرشەلیم دەتوانێ دەرخەری سەرکەوتنی یەکجارەکی و زاڵ بوونی ڕێژیمی ئێران بەسەر وڵاتانی ناوچەی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست، یان بەپێچەوانە شکست و کشانەوەی یەکجارەکی تا ئەودیوی سنوورەکانی ئەو وڵاتە بێت، بەڵام لە ڕاستیدا پاژنەی ئاشیلی ئێران سەر شەقامەکان و خەڵکی وەزاڵەهاتووی ناو شارەکانی ئێرانن کە بەهۆی سیاسەتە چەوت و شەڕانگێزییەکانی ڕێژیمی خۆسەپێنی کۆماری ئیسلامی ئێران، تووشی دەیان قەیرانی وەک هەژاری، گرانی، بێکاری، داڕمانی ئابووری و بێ هوویەتی و دەیان و دەیان کارەساتی دیکە بوونەتەوە.

سەرەڕای هەوڵەکانی ڕێژیم بۆ کپکردنەوەی هەرجۆرە هەوڵ و دەنگێکی ئازادیخوازانەی خەڵکی ناوخۆ، دەست ئاواڵەکردنی هێزە سەرکوتکەرەکانی ئیتلاعات و ناوەندە بەناو دادوەرییەکانی ئەو وڵاتە بە مەبەستی سەرکوتی بێبەزەییانەی خەڵک، گرتن، کوشتن و سزا و ئەشکەنجەدانی نامرۆڤانەی جیابیران و وەزاڵەهاتووان و ئازادیخوازان، ئەوە تەنیا خەڵکی ناوخۆی ئێرانن کە دەتوانن بە یەکگرتوویی و هەماهەنگی و ڕێکخستن، کۆتایی بە تەمەنی پڕنەگبەتی ڕێژیمی ویلایەتی فەقیه بێنن و هەم خۆیان و هەمیش هەموو جیهان و بەتایبەت خەڵکی وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست لە دەست شەڕەنگێزی و پیلانگێڕییەکانی بەیتی ڕێبەری ڕزگار بکەن.

# کاوە بەهرامی:
# لە سەرجەم بڕگەکانی کاری کۆنگرە، ڕاسان بەشێکی دانەبڕاو و سەرەکیی باسەکان بوو


دەقی وتووێژی ڕۆژنامەی «کوردستان» لەگەڵ کاوە بەهرامی

**وتووێژ: شارام میرزایی**

بە درێژایی خەباتی ڕەوای گەلەکەمان، حیزبی دێموکرات لە هەر قوناخێکدا کە توانیویەتی نەتەنیا خۆی بەڵکوو پەیکەرەی گشتیی بزاڤی میللی-دێموکراتیکی کوردی لەگەڵ ئاڵوگۆڕە هەنووکەییەکانی کوردستان و ئێران هەماهەنگ و ڕێک خستووە، ئەمە ڕاستییەکی حاشا هەڵنەگرە کە بە ئاوڕدانەوە لە مێژووی تاڵ و شیرینی نەتەوەکەمان بە ڕوونی بۆمان دەردەکەوێ.

ئێستایش کە زۆرتر لە دوو ساڵە حیزب "ڕاسان"ی دەست پێکردووە تا کورد بە ئەکتەرێکی سەرەکی لە بازنەی خەباتی سیاسی ئێران بناسێنێت، هەست بە پێویست بوونی ئاڵوگۆڕی بنەرەتی لە ساختاری خۆی کردووە تا بتوانێ بە خێراییەکی زیاتر ئەم ئەرکە مێژووییە بەڕێوە ببات، هەر بۆیە کۆنگرەی شازدەهەمی حیزب بە ئاوڕدانەوەیەکی تەواو بەو باسانە زۆرینەی چالاکییەکانی ڕێکخستەوە.

**بۆ تاوتوێ کردنی زیاتری دۆخ و بڕیارەکانی ئەم کۆنگرە لەگەڵ هاوڕێی تێکۆشەر، کاوە بەهرامی، وتووێژکمان پێکهێناوە کە دەقی ئەم وتووێژە بەم چەشنەیە:**

**● کۆنگرەی شازدەهەمی حیزب لە چ بارودۆخێکی سیاسی- مێژوویی بەڕێوە چوو؟**

کۆنگرە مەکۆی گۆڕانکاری و نوێبوونەوە و پێداچوونەوە بە کار و چالاکی هەر حیزب و ئۆرگانیزاسیۆنێکی مودێرنە. کۆنگرەی ١٦ی حدکا (کۆنگرەی ڕاسانی ڕۆژهەڵات) لە بارودۆخێکی سیاسیی هەستیاردا بەڕێوە چوو، کە ئەگەری گۆڕانکاری لە ڕۆژهەڵاتی ناڤین و ئێرانی ژێر دەسەڵاتی کۆماری بە ناو ئیسلامی لە ئارادایە، حیزبی دێموکرات وەک حیزبێکی مۆدێرن و سەردەمیانە، شوێندانەر و بەرپرس، ئاکام و سیاسەت و هەڵوێستەکانی باندۆریان لەسەر بزاڤی نەتەوەیی - دێموکراتیکی خەڵکی کوردستان هەیە، لەم ڕووەشەوە ١٦مین کۆنگرەی حیزب پاش ماوەیەک دواکەوتن بەڕێوە چوو؛ بۆیە دەڵێین لە بارودۆخێکی هەستیاری سیاسی و مێژوویی گرێدرا، لە لایەک یەکەمین کۆنگرەی دوای ڕاگەیاندنی ڕاسانی ڕۆژهەڵاتە و لە لایەکی دیکەشەوە پاش لێکدانەوە و مشتوومڕێکی زۆر، ستراکچێر و ساختاری حیزب لەو برگە مێژوویی و هەستیارەدا بە تەواوەتی گۆڕانکاری تێدا کرا.

**● بە بڕوای هەندێک لە چاودێرانی سیاسی لەو کاتەوە کە حیزب شاخەکانی نیشتمانی بە جێ هێشتووە هەتا ئێستا، ئەم کۆنگرەیە هەستیارترین کۆنگرەی حیزب بووە، ئێوە ئەم هەستیارییە لە چیدا دەبینن؟**

هەموو لایەک ئاگادارن ساڵانێکی دوورودرێژ شوێنی نیشتەجێ بوونی بەشی ئاشکرای حیزب پاش دابەزین لە قەندیل، بەردەوام پاراستنی بەرژەوەندی باڵایی نەتەوەیی و بەتایبەت لە باشووری کوردستانی لە سەرووی هەموو بەرژەوەندییەک داناوە، کۆنگرەی ڕاسانی ڕۆژهەڵات لەو ڕووەوە دەتوانین بڵێین هەستیار و مێژوویی بوو کە توانی پەیامی شاخ و شار تاوتوێ بکا، نێوخۆی ڕۆژهەڵات وەک قووڵایی ستراتیژی و چەقی خەبات و تێکۆشان لە ڕۆژهەڵاتێکی نوێدا پێناسە بکا، هەروەها پاش هێنانە ئارای گەڵاڵەی گۆڕینی ساختاری حیزب، خەونەکانی کۆماری ئیسلامی بوونە بڵقی سەرئ؛ لەم بارودۆخەدا بوو کە زۆرینەی بەرچاوی کۆنگرە بڕیاری ئاڵوگۆڕی پەسەند کرد، پێکەوە بەرەو داهاتوویەکی روون هەنگاو هەڵدەگرین و بەڕێوەچوونی ئەم بڕیارانەش بە بەشداری هەموو لایەک و شایستە سالاری دەتوانێ شوێنداری پۆزەتیڤی خۆی هەبێ و ئامانجی خۆی بپێکێ.

**● هەڵوێستی کۆنگرە بەرانبەر بە ڕاسان، وەکوو ئۆلگووی سیاسی- ڕەفتاری چی بووە؟**

ڕاسان سەردێڕی بەرنامە و تێکۆشانی ئێمەیە، ڕاسانی ڕۆژهەڵات ناو و ناوەڕۆکی کۆنگرەی ١٦ی ئێمە بوو، کەواتە هەڵوێستی کۆنگرە نەک ڕۆتینی و سادە نەبوو بگرە سەرانسەری بەرنامە و تێکۆشانمان بۆ بەرەوپێشچوونی ڕاسان و شوێنداری زیاتری تەنزیم کراوە، دەکرێ بڵێین لە سەرجەم بڕگەکانی کاری کۆنگرەدا، ڕاسان بەشێکی دانەبڕاو و سەرەکی باسەکان بوو و میکانیزمی گونجاوی بۆ خەباتی سیاسی، دیپلۆماسی، تەشکیلاتی، نیزامی و .... دارشت کە دەتوانێ لە کات و شوێنی خۆیدا، کاریگەری پۆزەتیڤی ببینین.

**● بەشێک لە نیشتمانمان لە چوارچێوەی خەباتی ئێمەدا نەتەنیا کەوتووەتە پەراوێز، بەڵکوو دوژمنیش لە نەبوونی بزاڤی ڕزگاریخوازانەی گەلەکەمان لەو ناوچانە کەڵکی خۆی وەرگرتووە و بە دژی بزوتنەوەی میللی- دێموکراتیکی کوردستان کەڵکی لێوەرگرتووە، بۆ چارەسەری ئەم قەیرانە نەتەوەییە بەڕێزتان چ ڕێکارگەلێک پێشنیار دەکەن؟ و ئایا کۆنگرە لە نێو باسەکانی ئەم بابەتەی هێناوەتە ئاراوە؟**

لوڕستان، کرماشان و ئیلام بەشێکی سەرەکی و دانەبڕاوی کوردستان و کوردن، بەبڕوای من کاتێک ئێمەی کورد ڕزگارمان دەبێ کە ئیلام و کرماشان و لورستانیش داشدارمان بن، کۆنگرەی ڕاسانی ڕۆژهەڵات لە زۆر ڕووەوە، تێکۆشان و بەرزکردنەوەی وشیاری نەتەوەیی لەم بەشە گرینگەی خاکی نیشتمانی تاوتوێ کرد و ڕێنوێنی پێویستی بۆ کار و چالاکی داهاتوومان گەڵاڵە کردووە، بە بڕوای من دەکرێ بۆ شوێندانەری زیاتری خەبات لەم ناوچانە لەڕووی ڕاگەیاندن، ڕێکخستن، گرینگی پێدان بە کەسایەتییە شوێندارەکان و زۆر ڕێکار و ڕێگای گونجاوی دیکە، کە ڕەنگە ئێرە شوێنی باسکردنیان نەبێ کاری جیددی بکەی.

# ئارش ساڵح:
## تەنیا دەنگێک کە دەتوانێ گۆمی مەندی ئیستێبداد بشڵەقێنی، دەنگی چەکی کاک سەلاح و کاک سەلاحەکانە


دەقی وتووێژی ڕۆژنامەی «کوردستان» لەگەڵ ئارەش ساڵح

ماڵپەڕی کوردستان میدیا لە سەر پرسی تێرۆری ناجوامێرانەی هاوڕێ سەباح ڕەحمانی لە هەولێری پێتەختی هەرێمی کوردستان وتووێژیکی کورتی لەگەڵ "ئارش ساڵح" نوێنەری حیزبی دێموکرات لە وڵاتە یەککرتووەکانی ئامریکا پێک هێناوە کە لەبەر گرینگی باسەکە لێرەدا دەخرێتە بەر دیدی خوێنەرانی بەڕێزی "کوردستان".

**● پێتان وایە ئەمە دەورێکی نوێ لە ڕەشەکوژییەکانی کۆماری ئیسلامییە بەرامبەر بە چالاکانی سیاسی؟**

کۆماری ئیسلامی توانای ئەوەی هەیە کە بە یەک شەو دەزگای تیرۆری خۆی لە هەرشوێنێک وەگەڕ بخاتەوە. بۆ ماوەیەک کە خەباتی حیزبیان بە گوشار بۆ سەر هەندێک لایەنی باشوور و لەبەر سادەیی هەندێک لایەنی ڕۆژهەڵاتی ڕاوەستاندبوو ئەوەیان بە پێویست نەدەزانی کە تێچووی تیرۆر بدەن، بەڵام ئێستا کە ئەو خەباتە دەستی پێکردۆتەوە بەباشی دەزانن کە گەورەترین مەترسی بۆ ئەوان حوزووری پێشمەرگەیە لە ناوخۆ؛ ئەوان دەزانن تەنیا شتێک کە ڕۆژهەڵات زیندوو دەکاتەوە ڕاسانە و تەنیا دەنگێک کە دەتوانێ گۆمی مەندی ئیستێبداد بشڵەقێنی دەنگی چەکی کاک سەلاح و کاک سەلاحەکانە. ئەوان دەزانن کە سەدان تەلەڤزیۆن و تێلێگرام ناتوانن کاریگەری دەرکەوتنی یەکجاری کاک سەلاح و هاوڕێکانی لە شار و دێیەکانی کوردستان و لە ناو خەڵکەکەی خۆیانی هەبێت بۆیە لە ڕاستیدا بە زووترین کات دەستیان کردووە بە تیرۆر. بە دڵنیاییەوە ئەوە دەسپێکی مەوجێکی نوێی تیرۆرە. بۆیە بە باوەڕی من ئەوە ئەرکی نیشتمانی و حیزبییە کە ئەندامان و پێشمەرگەکانی حیزب لە هەرشوێنێک بن خۆیان بە باشترین شێوە بپارێزن لەبەر ئەوەی ئەندامی حیزبی دیموکرات و پێشمەرگەی حیزبی دیموکرات گەورەترین سەرمایەی حیزبی دیموکراتن بۆیە ئەرکی سەرشانی هەرکام لە ئەندامان و پێشمەرگەکانە کە لەو سەرمایەی کە خۆیان بن، بە باشترین شێوە پارێزگاری بکەن. چ لە ناوچە بن، چ لە هەولێر و چ لە ئوروپا پێویستە و یەکەمین ئەرکی حیزبییانە کە خۆیان بپارێزن و دەبێ بزانن کە خۆپاراستنیان بە چالش کێشانی شەهامەتی ئەوان نییە بەڵکوو بەڕێوەبردنی گرینگترین و یەکەمین ئەرکی حیزبییانە.

کۆماری ئیسلامی بۆ وەڵامی کێشەکانی زووتر لە هەمووشتێک پەنا بۆ تیرۆریزم دەبات. تیرۆریست بوون و تیرۆر بەشێکە لە کارەکتەری ئەم ڕێژیمە؛ لە مێژووی دونیادا بێ وێنەیە کە دیپلۆماتی وڵاتێک هاوکات تیرۆریست بێت.

تیرۆریست بوون تایبەتمەندیێکی حکوومەتەکانی ئێرانە، یەکێک لە گرینگترین ئێلێمانەکانی کاراکتێری کۆماری ئیسلامی و تەنانەت حکوومەتەکانی پێش ئەویش لە ئێراندا تیروریزمە. تیرۆری سمکۆ نموونەیێکی بەرچاوی ئەو تیرۆرانەیە کە پێش ئەم ڕێژیمەش ڕووی داوە و دەرخەری ئەوەیە کە شارستەنیەتی داگیرکەر شارستانیەتێک کە لەسەر تیرۆر، درۆ و تاوان بنیات نراوە. ئەوەی کە هەموو ئەو ڕێژیمە سیاسییانەی کە لە ئێران سەرهەڵدەدەن دەتوانن ڕێبەرانی کورد بانگهێشت بکەن بۆ سەرمێزی وتووێژ و تیرۆریان بکەن دەرخەری ئەوەیە کە تا چ ڕادەیەک بنەما ئەخلاقییەکانی ئەو کەلتوورە داروخاون.

**● پێتان وایە هێزە سیاسییەکانی کوردستان چۆن دەتوانن بەرەوڕووی ئەم دۆخە ببنەوە؟**

هێزە سیاسییەکانی کوردستان پێویستە لە بەرامبەر تیرۆردا بە یەک دەنگ و بە هێزێکی زۆرەوە بەرگری و خەبات بکەن. ئەمە ئیتر تەنیا بابەتی ئازادی نەتەوایەتی نییە بەڵکوو وەک چۆن بەرگری و خەباتی کورد لە باشوور و ڕۆژاوا ئەرکێکی ئەخلاقی و مرۆیی بوو بە هەمان شێوە ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ داعشی ناو ئێران واتە کۆماری ئیسلامیش ئەرکێکی ئەخلاقی و مێژووییە. بەهیچ شێوە نابێت ڕێگە بدەین دوژمن وا بزانێت تیرۆر دەتوانێت کاریگەر بێت. بەداخەوە لە حەفتاکاندا لەبەر ئەوەی لە خەوێکی زستانیدا بووین ئەو ڕێگەیانە پێ درا، بۆیە ئەوان وایان بیر کردەوە کە تیرۆر لەسەر ئێمە کارسازە و زیاتر بۆ بەکار هێنانی هان دران. بۆیە یەکەمین ئەرکی ئێمە بەهێز کردنی ڕاسان بە لەبەرچاو گرتنی ئەو مەتەڵە جیهانییەیە کە دەڵێت کوردەکان هیچ دۆستێکیان نییە بێجگە شاخەکانیان، تەنانەت خۆشیان دۆستی خۆیان نین. لە نێوان خۆمان و شاخەکانمان، شاخەکانمان دۆستێکی باشترن بۆمان.ڕاسان پێویستی بەوە هەیە کە بچێتە ئاستێکی دامەزراوەییەوە و دامەزراوە و ئۆرگانەکانی حیزب بگرێتەوە. گرینگی ئەم باسە ئەوەیە کە کاتێک ئێمە لە ڕاگەیاندندا ڕاسانمان دەست پێ کردووە ئەگەر دامەزراوەکانمان و ئۆرگانەکانمان بە شێوازێکی شایستە و فەراخۆری ڕاسان ڕێک نەخرێن ئەوا ئاسیبپەزیری ئێمە لە بەرامبەر دوژمنەوە زۆر دەبێت. بۆیە ناچارین بۆ پاراستنی خۆشمان بێت دەزگاکانمان و دامەزراوەکان و ئۆرگانەکانمان و ڕێکخراوەکانمان بە ڕاسانی بکرێن و بچنە ئارایشی ڕاسانەوە.

**● ئەرکی دەزگاکانی پاراستن و ئاسایش لە باشوری کوردستان لەهەمبەر ئەم چەشنە ڕووداوانە چۆن هەڵدەسەنگێنن؟**

دەزگاکانی پاراستن لە باشوور لە بەردەم مێژوودان؛ ئێمە لەم سەردەمە تێدەپەڕین، بەڵام ئەم ڕووداوانە و شێوازی هەڵسووکەتی ئەو دەزگایانە بۆ داهاتوو دەمێنێتەوە. بۆ ئەوەی جیلەکانی داهاتوو بیانبینێت. ئەوە بڕیاری ئەوانە کە مێژوو قەزاوەتی مەلای خەتێیان لەسەر بکات یان قەزاوەتی یەزدان شێر؛ بەڵام بێجگە لەم بابەتە کوردی باشوور دەبێت تا ئێستە لەوە تێگەیشتبێت کە گەورەترین مەترسی بۆ سەر ئاسایشی ئەوان هەبوونی دەستئاوەڵای کۆماری ئیسلامییە لە نێو باشووری کوردستاندا. ئەوان دەبێت تا ئێستە بەوە گەیشتبێتن کە نفووز و دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی لە ناو نوخبەی باشوور بووەتە هۆی گەورەترین شکستێکی مۆراڵی کورد لە مێژووی خۆیدا. بۆیە ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ کۆماری ئیسلامی پێویستە یەکێک لە گرینگترین ئەرکەکانی ئەو دەزگایانە بێت. دیارە ئەم ڕووبەڕووبوونەوە دەبێت زۆر ڕوون و قاتێع بێت. هەتا ئێستا باشووری کوردستان نەتەنیا هیچ قازانجێکی لە موماشات کردن لەگەڵ دەسەڵاتی لە ڕادەبەدەری ئێران و سپای پاسداران لە باشوور نەبینیوە بەڵکوو بە پێچەوانە ئەوەیکە لەم هەبوونەی سپا و ئێران دەستی باشوور کەوتووە دووبەرەکی و بەهێزبوونی خەیانەت و لەکیس چوونی نیوەی خاکیان و هەمووی شەئنیەت و ڕێز لە خۆگرتنیان بووە. بۆیە ئەوان دەبێت خاڵێک دابنێن بۆ ئەوەی بڵێن ئیتر بەسە کە ئێران بتوانێت ئاوا بە ئاسانی ڕێز و باوەڕ بە خۆبوونمان بنێتە ژێر پێیەوە و هەوڵ بدەن ئەو متمانە بە خۆ بوونە و ئەو ڕێز لەخۆگرتنە کە ئێران ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ لە کیسیانی بردووە بە بەرگری لە بەرامبەر ئێرانەوە بەدەستی بخەنەوە.



# بەهار دێت و من ئەم وشە یاخییانە شک دەبەم

بەهار دێت
تا لە من ئاشقێکی تر
درووست بکات،
من کە لەم ئاسمانە بەرینە
دا
ئەستێرەیەکم نییە.
بەهار دێت
تا بالندەیەکی نەناسراو
لە مندا هێلانە بکات،
من کە لەم زەمینە بەرینەدا
ولاتێکم نییە .
بەهار دێت
تا لە من شاعیرێکی شێت
درووست بکات،
من کە تەنیا ئەم وشە
یاخییانە شک دەبەم،
تا ولاتێکی پڕ شکۆ
بۆ خۆم و تۆ
بونیاد بنێم.



## وازۆیەک کراوە بێ گومان، کە سەری سەرانت لە سەری سەرین بێ!

سەری سەران لە سەر سەرینە و
دڵی تۆ خەڵتانی خوێن.

راهاتووی بەم برینە کۆنانە
ئەی دڵی ئاشقی فڕینی جیاواز!

خەملێون بە وتەی سەر گۆڕی
غەریبیت
سەرانی لە دەشتا سەر سپی کراوی
کورت پەرواز !

وازۆیەک کراوە بێ گومان،
کە سەری سەرانت
لە سەری سەرین بێ !

دڵی تۆش بەردەوام
بە گوللە و تی ئین تی،
لەت لەت و
ئەنجن بێ !

فەرەیدوون ئەرشەدی



## هەڵۆ

دڵی ئاسمان،
بۆ فڕین زۆر فراوانە!
خۆت دەزانی،
چەندە هاوڕێی هەڵۆکانی؟



## باوەڕ

گرنگ نیە،
جەللاد بە چ زمانێ دەدوێ
لە هەر جێ بێ هەر
جەللادە!
خەباتکاریش،
لە زیندانیش دا ئازادە!

## گردە سوور

ئێستا هەرچی باڵندەیە،
لە گەرمەسێر و کوێستان را
بەرەو "گردە سوور" هەڵدەفڕن!

ئاسمان هەور و
هەتاوی وێکرا ناردووە!
دەنگی حەیرانی "مام خدر"،
هەرس دێنێ بە ڕەشەمە!

"گیارەنگ"،
ڕەنگی ئەرخەوانی لە مل دایە!
"چۆمی کەلوێ"،
خوڕڕەمترە لە هەمیشە!



قەلافەتی "گردە سوور"م
بەرزترە،
لە "گیارەنگ" و "مەیدان چۆخە"!
کەسێک ئەمرۆ،
وچان دەگرێ لە داوێنی!
کەسێک کە قەت
سەری بەرزی نەوی نەکرد؛
نە بۆ کوێستانی زۆر ئەستەم
نە بۆ ستەم!

ک.د.ئازاد

# KURDISTAN

Published by *Democratic Party of Iranian Kurdistan* • *No:720* • 6 *March 2018*

ڕۆژنامەی «کوردستان» و ماڵپەڕەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران
لە تۆڕی جیهانیی ئینتێرنێتدا:

www.kurdistanmedia.com
info@kurdistanmedia.com

http://www.pdki.org
pdkiran@club-internet.fr

telegram.me/PDKImedia


# کۆنگرەی ڕاسانی ڕۆژهەڵات

































